KURDISTAN - HAWLER - December 2010


# CINEMA KURDICA

www.cinemakardica.com
یەکەم رۆژنامەی کوردی تایبەتە بە سینەما، ژمارەی یەکەم لە 2009/9/9 دەرچووە

10
دیسەمبەر 2010

مانگنامەیەکی سینەماییە، د. موحسین ئەحمەد عومەر
عەدنان عوسمان عەلی دەریدەکەن
دیزاین: هونەر مەرجان 07504494817 hunarmarjan@yahoo.com
بە هاوکاری بارزان نیوز چاپ و بلاو دەکریتەوە

# سینەما کوردیکا





## عومەر چاوشین .....باشترین ئەکتەر

بۆ یەکەمین جار ئەکتەریکی کورد لە فیستڤالی سانتیاگۆی ئیسپانیا خەلاتی باشترین ئەکتەر وەردەگریت.
ئەم خەلاتە بە یەکەمین خەلاتی نیودەولەتی ئەکتەری سەرتاسەری هەریمی کوردستان و عیراق لە میژوی سینەمای ئەم ولاتە دیتە ئەژماردن. هەر لەسەرتای ئەم مانگە فیستیڤالی نیودەولەتی عیراق و دراوسیکانی لە ریگای فیلمی سرتە لەگەل با دیسانەوە عومەر چاوشین خەلاتی باشترین ئەکتەری پیبەخشرا.

3ل

# فیلمی وەن مان شۆ - بۆچی؟



**کارزان کرێکار شێرەبەیانی: لەندەن- تایبەت بە سینەما کوردیکا:**

ئەم فیلمە دۆکومێنتەریە شێواز زیندووە - واتە دۆکومێنت کردنی ڕاستەوخۆی ڕووداوەکان لەگەڵ سەرهەڵدانیان، لەژێر ناونیشانی وەن مان شۆ، (نمایشی تاکە کەسی)، باس دەکات لە هەوڵی کارزان کرێکار شێرەبەیانی شان بە شان ئەندامانی ڕێکخراوی شانۆ پرۆژەی هونەری کوردی لە لەندەن و تۆمارکردنی پرۆسەی بە ئەنجامدانی پرۆژەی شانۆگەری شاری ئاشتی وەک یەکەم موزیکالی کوردی لە مێژوودا بە نمایشکردنی بە ستانداردی پرۆفیشنالی.

بیگومان وەک هەموو فیلمێک وەن مان شۆ مەبەستی خۆی هەیە بۆ ئەوەی بێتە کایەوە؛ بەشێوەیەکی سەرەکی بۆ ووریا کردنەوەی کۆمەڵگای کوردە لە ئەو هەوڵە بێهاوتایەی کە هونەرمەندی ڕاستگۆی کوردی بێ پالپشت بەکاری دێنێت بۆ بەئەنجامدانی بیرۆکەیەکی هونەری، وە بۆ ئەوەی کوردی بەتایبەت هونەر دۆست و لاوانی عاشق بە هونەری نمایشکردن، شانۆ یان موزیکال پەروەردەگاربکات تاکو لە ناوەرۆکی فیلمەکە و فێربن کە بۆ گەیشتن بە هینانەدی خەونی گەورەی هونەری و بەئەنجامدانی بەرهەمی بەباڵا و ئاست بەرز، بەرهەمێک کە بتوانێت لە ناو دڵی جەماوەر جێی خۆی بکاتەوە و لەوەش زیاتر بڕوات و سنوورەکانی ناوچەیی و ووڵات بشکێنێت و پێشبرکێی بەرهەمی نواندن و نمایشکردن ووڵاتانی پێشکەوتوو بکات، ئەوا تەنها بە حەز و بە خۆزگە لەدایک نابێت و نایەتە دیت. بۆیە لە وەن مان شۆ بۆمان دەردەکەوێت کە تیمی شاری ئاشتی دوای هەوڵێکی زۆر بێهاوتا و کارکردن بۆ ماوەی سێ ساڵ بە پرۆڤە و نووسینەوەی سکریپت بۆ چەندەها جار و لە دوای پلان و لێکۆڵینەوەیەکی زۆر بۆ پەیدا کردن بوجەی پرۆژە و پەیوەندی کردن بە پسپۆڕانی تەکنیشن و ستافی بیانیەوە، و بە هۆی چەندەها هەنگاونان و شەو نخونیەوە، بە خۆراگرتن و بەرەنگاربونەوەیان لە ڕووی کۆسپەکان، و کۆڵنەدان لە هەنگاوە سەختەکان، لەوسەرا دەگەن بە ئەنجامی دبەدەستهێنانی بەرهەمێکی تاک و زۆر سەرکەوتوو، هەر وەک ئینگلیز دەڵێت کاری سەخت پاداشتی خەڵاتی زۆر بەرزە. بەڵام لەگەڵ ئەم هەموو ڕوانگانە لە ڕاستیدا هۆی بنەڕەتی دروستکردنی فیلمی وەن مان شۆ دەگەڕێتەوە بۆ پرسیارێکی زۆر گرنگ و تایبەت کە ڕووبەڕووی بەندە بووەوە لە کاتی سەردانەکەم بۆ کوردستان لە مانگی هەشتی 2010 بۆ پەیداکردن بوجەو سپۆنسەر بۆ شاری ئاشتی. پرسیارەکەش کە لە من کرا ئەمەیە: (خەڵکێکی گەلێک زۆر چی لە ناوەوە و چی لە دەرەوەی کوردستان بە ناوی هونەر و کەڵتور، بە ناوی دامەزراندنی ناوەندی و سەنتەر، فێستیڤاڵی فیلم و ڕاپەڕاندنی پرۆژەی شانۆگەری و تەلەڤیزیۆن و سینەماوە گەلێک دزی و گەندەڵیان کردوە - جا چون بزانین کە تۆش کارزان شێرەبەیانی وەک ئەو کەسانە نابیت؟ چون بزانین وەک بەڕێوەبەری هونەری شانۆ لە لەندەن و دەرهێنەر شاری ئاشتی تۆش دزی ناکەیت؟ چۆن دەتوانین دڵنیابین کە ئەو 25000، بیست و پێنج هەزار دۆلارەی ئەنجومەنی وەزیران لە حکومەتی هەرێمی کوردستان سپۆنسەری دەکەن بۆ خەرجی شاری ئاشتی، تۆ نایکەیتە گیرفانی خۆتەوە؟

نامانەوێت دڵگیربیت لەم پرسیارە بەڵام بۆیە دەیکەین، چونکە تۆ دەڵێیت کە ئەوا بۆ ماوەی دوو ساڵ و نیوە بە کەم کاتی کاردەکەیت بۆ پرۆژەی شاری ئاشتی و لەم شەش مانگەی دواییدا بە هەموو کاتی بەردەوام کار بۆ شاری ئاشتی دەکەیت بە خۆبەختی و بە خۆڕایی و هیچ کارێکی تر ناکەیت جگە لە ڕاپەراندن پرۆژەی شاری ئاشتی - و لەم شەش مانگەی دواییدا یەک دانە دۆلار داهاتت نەبووە - جا ئەی بەچی دەژێیت ئەگەر دزی نەک ەیت؟)

دڵگران نەبووم و بەپێچەوانەوە زۆر سوپاسی کەسەکەم کرد و بایەخێکی ئەوەندەم بەم پرسیارەدا کە بەشێکی گرنگی فیلمی وەن مان شۆ تەرخان بکەم بۆ وەڵامەکەی. پێشەکی بۆ بەشی بەچی دەژێیت؟ وەڵامم ئەمە بوو - ڕەنگە ئاگادارنەبن کە من کاردەکەم وەک دەرهێنەر یان پرۆدیسۆری فیلم لە ناو لەندەن یاخود وەک ئەکتەری پرۆفێشناڵ لە دڕامای تەلەڤیزیۆنی بی بی سی یان لە فیلمە سینەمایەکان، موچەی ڕۆژانەم زیاتر لە 500، پێنج سەد دۆلارە. جا تکایە بژمێرە کە من لە کاتی نووسینەوەی ئەم بابەتە ئەوا هەشت مانگە بە خۆبەختی کاری شاری ئاشتی دەبەمە ڕێوە، واتە 8 مانگ لە 30 ڕۆژ دەکاتە 240 ڕۆژ و لێکیدەرەوە لە 500 دۆلار موچەی ڕۆژانەم، ئەوسا بۆت دەردەکەوێت کە من ئەو ماوەیە بۆ پارە و بۆ موچە کارم بکردایە داهاتم زیاتر لە 100، سەد هەزار دۆلار دەبوو - کەچی بۆ شاری ئاشتی یەک دۆلارم بەرنەکەوتوە. بەڵێ من سێ منداڵم هەیە و خێزانی ئینگلیز - تەنها عەقاری خانوەکەومان و کرێی ئۆفیسەکەم لە لەندەن مانگی زیاتر لە 3000، سێ هەزار دۆلارە، واتە زۆر باشە کە پرسیار دەکەیت کارزان ئەی تو بەچی دەژێیت؟ بۆ ئەوەی دەست بەتاڵ بم بۆ پرۆژەی شاری ئاشتی، هەر لە سەرەتاوە دەم زانی کە چەندەها ساڵ و مانگی پێدەچێت بۆ سەرکەوتن ئەم کارە و دەشمزانی کە هیچ کوردێک لام لێناکاتەوە بڵێت فەرموو ئەوا سپۆنسەری لە لایەن ئێمەوە بۆ ئەوەی تو بتوانیت بژێیت و پرۆژەی شاری ئاشتی ڕاپەڕێنیت. بۆیە لە هەولێر، لە عەینکاوە خانویەکم هەبوو، ناچار خانوەکەم فرۆشت. وە لە ماوەی ئەم هەشت مانگەی دواییدا تەنها بۆ ئەوەی دەست بەتاڵ بم بۆ ڕاپەڕاندنی شاری ئاشتی زیاتر لە 70 هەزار دۆلار مەسرەفی ژیانی من و خێزانم بووە بەبێ ئەوەی هیچ داهاتێکم هەبێت. ئەمە بە هەموو کەس ناکرێت و شایەنیشی نییە هونەرمەندێکی ڕاستگۆی کورد لە پێناوی ئەوەی پرۆژەیەکی مێژوویی بێهاوتای وەک شاری ئاشتی بە ئەنجام بگەینێت، ئەم هەموو قوربانیە بدات! ڕاستە 25000، بیست و پێنج هەزار دۆلارەکەی حکومەتی هەرێم بۆ شانۆ و تیمەکەمان زۆر گرنگە وە ژیانی بەخشی بە شاری ئاشتی، بەڵام بۆ کارزان شێرەبەیانی کەسی خۆم ئەو پارەیە زۆر کەمە لەچاو ئەوەندەی کە خۆم خەرجم کردوە لە گیرفانی خۆم بۆ شاری ئاشتی. بۆ وەڵامی ئەی چۆن دڵنیا بین کە دزی ناکەیت؟ کە ئەم پرسیارەم زۆر بە دڵە و فیلمەکەش زۆر لەسەری دەکۆڵێتەوە - چونکە بەڕاستی کاتی ئەوە هاتوە کە چیتر ماوە نەدرێت ناوی هونەر و کەڵتور لەکەدار کرێت، بەڵکو هونەر دبێت زۆر بەرز و پیرۆز ڕاگیرێت، هونەر هەناسەی پاک و فێنکی ژیانە - ژیانی شاد و بەختەوەری کۆمەڵگای شارستانی و سەرکەوتوو - بۆیە من و ئەندامانی شانۆ و تیمی شاری ئاشتی لە لەندەن دەمانەوێت ببین بە نمونەیی کاروانی پاکی دوور لە گەندەڵی و دزی لە کارکردن لە بواری هونەری. گەیشتن بەم مەبەستەش زۆر ئاسانە و هیچ ئەرکێ گەورەی ناوێت - هەموو ژمارە بانک و داهات و خەرجی ڕێکخراوی شانۆ و بوجەی شاری ئاشتی و مەسرەفەکان کراوەن و لەبەردەستی ئەندامانە - وە هەروەها لەبەردەستی هەر کەسێکی دەرەوەی شانۆ کە دەیەوێت لە داهات و خەرجی ئێمە بکۆڵێتەوە - واتە داهات و خەرجی ئێمە هەموو کات کراوەیە بۆ هەر کەسێک - بۆ هەمووتان، وە من کارزان شێرەبەیانی بەرپرسیارم لە یەک دۆلاری شاری ئاشتی ئەگەر وون بێت. دوا ووشەم لەم بارەیەوە ئەوەیە کە لەڕوانگای فیلمی وەن مان شۆ وە هەموومان فێربین، چی ڕێکخراوی هونەری، چی ڕێکخراوی تر لە دەرەوەی ووڵات، لە کوردستان و لەناو حکومەتی هەرێم بە ڕوونی کاربکەین و دەرگای مەسرەف و داهات و خەرجیمان ئاواڵەبێت بۆ هەر کەسێک کە خواستی هەبێت لێی بکۆڵێتەوە - چونکە ئەگەر تۆ پاک بیت و ئەگەر گەندەڵێت نەبێت - پێویست بە سر و تڕ و شاردنەوە ناکات. ئەم ڕاستیانە هەموو لە فیلمەکە تۆمارکراون و دڵنیام کە دەبن بە هەنگاوی پێشڕەوی بۆ کاروانی ڕزگارکردنی هونەری کورد لە گەندەڵی و دزی. بۆیە دروستکردنی فیلمی وەن مان شۆ ئەرکێکی مێژووییە کە من گرتومەتە خۆ بۆ پاککردنەوەی کۆمەلگاکەمان لەم نەخۆشیە وە بۆ ئەوەی نەوەکانی دواڕۆژ ئەوەندەی من سەرگەردانیان بەسەردا نەیات لە پێناوی بەئەنجامدانی پرۆژەیەکی هونەری. ڕاستە ئەگەر من -ئینگلیزێک بومایە یان فەرەنسیەک، یا هەر ووڵاتیکی ئەوروپی، بۆ هەمان کارم لە شاری ئاشتی ڕەنگە موچەی زیاتر لە 50000 پەنجا هەزار دۆلارم پێبدرایە بۆ بەدەستهێنانی هەمان بەرهەم، بەڵام لەبەر ئەوەی کوردم، فەرموون تەماشای بوجەی شاری ئاشتی بکەن، لە ناو هەموو تیمەکە، تەنها خۆم موچەم یەک دۆلار بۆ دانەنراوە. ئایا ئەمە باشە؟ ئایە ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی من زیاتر کاری هونەری بکەم؟ ئایا ئەمەت پێ ڕەوایە کە من و کەسانی وەک من ئەو هەموو ساڵە کاربکەن بە خۆڕایی بۆ بەرزکردنەوە و دەوڵەمەندکردن هونەر و کەڵتوری کورد؟ وەڵامەکە لای بەرپرسیاران و سەرکردەکانی کوردە، بەڵام لای ئەوکەسانەشە کە زۆر بێ وەفایانە و بێ ویژدانانە بەناوی هونەرەوە دزی و گەندەڵی دەکەن و مافی هونەرمەندی ڕاستگۆش ژێرپێ دەخەن - بەڵام لەهەمان کاتدا زۆر شادم کە پرۆژەکەمان بەهۆی فیلمی وەن مان شۆ- وە دەبیتە نوونەی کاروانی پاکی و پرۆژەی شاری ئاشتی پێشرەوی دەکات لە بەرزکردنەوەی ناوی هونەر وەک جوانترین گوڵەباخی ژیان، وە دز و گەندەڵەکانیش ڕوو ڕەش و ڕسوابن، ئەوانە هونەرمەند نین، بۆیە هەموو بەیەکەوە دەبێت بەرەنگاریان بینەوە و بڵێین تفو لەو کەسانەی کە بە ناوی هونەرەو دزی



# کورد و سینەما : خەون و ئاوات !؟

**هاوڕێ ئەحمەد**

جارێکی ترو سەد جاری تریش ناچارین پێدابچینەوە، چونکە ئێمەی کورد لە سەردەمێکی ناسک و ترسناک دەژین، گۆڕانی زۆر گەورە و مەزنمان لە پێشە و سینەماش هونەرێکی سەردەم و مۆدێرنە، وەک کورد دەتوانین زۆر باش سوود لەم هونەرە وەرگرین بۆ خۆناساندنمان بە هەموو جیهان. سینەما باشترین هونەرێکە بۆ خۆ ناساندن، بۆ جیهان بیسەلمێنین کە ئێمە میللەتێکی مەزنین و توانای ڕۆشنبیری و هونەری و سیاسیمان هەیە و دەتوانین سوود لەم هونەرە وەرگرین، سوود وەرگرین بە شێوەیەکی دروست، ئاوات و خەم و خەون و هێز و توانا و بیرکردنەوەی مرۆڤی کورد پیشان بدەین، ئیتر لەو باوەڕەم سەردەمی خەوتن کۆتایی پێ هاتووە، هەر ئەمڕۆ ئەگەر سەرنجی توانای مادی دەزگا ڕۆشنبیرییە کوردییەکان بدەین (وەک بۆ نموونە وەزارەتی ڕۆشنبیری) دەتوانین بە خەرجییەکی کەم بەڵام بە فەلسەفەیەکی سیاسی ڕۆشنبیری دروست، دوور لە گەندەڵی، ساڵانە هەر هیچ نەبێ فیلمێکی کوردی و کوردستانی بەرهەم بهێنین، ئەمەش دەشێ هەندێ لە کێشە و ئاوات و خەونەکانی ئەمڕۆی مرۆڤ و کۆمەڵگەی کوردی تێدا ڕەنگ بداتەوە.

ئەوەی ئەمڕۆ دەبینرێ و دەکرێ لە بواری بەرهەم هێنانی فیلم لە کوردستان، بێ هیچ گومانێک وەڵامدەرەوەی ئەو خەونە نیە کە مرۆڤی کورد دەیخوازێ، وەڵامدەرەوەی ئەو ئاواتە نیە کە کۆمەڵانی خەڵکی ئێمە داوای دەکات، شتێک بە پارەیەکی خەیاڵی لە وەزارەت و دەزگاکان بەرهەم دەهێنرێ هیچ پەیوەندی بە سینەما و فیلم و کێشەی ئەمڕۆی کورد و کوردستان نیە، ئەسلەن تیایاندا هەست بە فەلسەفەی سیاسی لەمەڕ ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان ناکەین، زیاتر وەک بەرهەمهێنانێکی سەقەت دێنە بەرچاو، چونکە بە پلان و نەخشە و ڕاوێژ و بیرکردنەوەی پێشینە ئەنجام نەدراون. بۆ نموونە دەزگایەکی وەک وەزارەتی ڕۆشنبیری تا ئێستا نەیتوانیوە میکانیزمێکی دروست و پوختە دارێژێ بۆ بەرهەم هێنانی سینەما، ئەوان تا ئێستا نەیانتوانیوە، نەک هەر ئەمە بەڵکو پێشبڕکێیەکیش بۆ سیناریۆنووسین دروست بکەن یان رابیگەیەنن، کە لە هەموو وەزارەتێکی ڕۆشنبیری وڵاتانی زیندوو دەکرێ، لەبەر ڕۆشنایی ئەم پێشبڕکێیە، ئەوەی کە ڕەنگدانەوەی دروستی بۆ ئاواتی ئەو میللەتە هەیە پشتگیری دەکرێ و دەکرێتە فیلم و لە کاتێکی دیاریکراو بە میللەت پیشان دەدرێ، بە داخەوە لە وەزارەتێکی کوردی وەک (وەزارەتی ڕۆشنبیری) بێجگە لە خەوتن شتێکی دیکە لەم بارەیەوە نیە. لەم ڕەخنە گرتنە ئێمە بە هیچ شێوەیەک مەبەستمان ئەوە نیە پارەی میللەت بە خۆڕایی لە پێناوی پڕۆژەی ناچیزە و نابووت خەرج بکرێت کە ئێستا پرۆسەی بەرهەم هێنانەکە لەم جۆرەیە، ئێمە دەمانەوێ سیاسەتێکی ڕۆشنبیری و دروست و میکانیزکمێکی دروست و پوختە لەم بارەیەوە دابڕێژرێ بۆ بەرهەم هێنانی فیلم، پێش هەموو شتێک حسێب بۆ کورد کوردستان و کێشە سیاسییەکەمان لە بیر نەکرێ، پاشان میکانیزمی دروست کردن و بەرهەم هێنان بە ناو کۆنترۆل و وردەکاری زۆر بڕوات بۆ ئەوەی توانا زیندووەکان بدۆزرێنەوە و گەشەیان پێ بدرێ، دۆزینەوەی توانای زیندوو و ڕوانینی زیندوو و کاری زیندوو پرۆسەیەکی سەختە، بەڵام هەموو شتێک بە پلان و نەخشە و بیرکردنەوە بە ئاسانی جێ بەجێ دەبێ. ئینجا کێشەکەی ئێمە لێرەوەیە، ئەم لایەنە بە هیچ شێوەیەک لەبەرچاو ناگیرێ، لە وەزارەت و دەزگاکانی تری سەر بە حکومەتی هەرێم فیلم و پرۆژەی هونەری بە شێوازێک پشتگیری لێ دەکری، وەک ئەوەی چۆن دەچیتە شێخەللا بۆ کڕینی هەندێ تەماتە و ئاروو. هەڵبەت خوێنەر دەبێ بزانێ میلەتی زیندوو بە پلان و میکانیزم و فیکری زیندوو کار دەکا، لەمەش ئێمە مەبەستمان ڕەخنەگرتن نیە هەر تەنیا بۆ ڕەخنەگرتن لە وەزارەت و دەزگاکانی تری حکومەت، حکومەت حکومەتی خۆمانە و شانازی پێوە دەکەین و ئامادەین بۆ پاراستنی هەموو گیان وماڵی خۆمان لە پێناوی لە خەتەر بدەین، ئەوەی ئێمە بە لامانەوە گرینگە پێویستە میکانیزمێکی کارکردن و بەرهەمهێنان هەبێ تەعبیر لە ئاوات و خەون و داواکارییە هاوچەرخەکانی کورد بکاتەوە، کورد وەک هەموو میللەتێک، زۆر شانازی بە خۆی و خاکەکەیی و مێژوو و خەباتی خۆی خۆی دەکا، ئێمڕۆ، لەبەر ئەوەی دەبینین بواری سینەما بە شێوەیەکی دروست سوودی لێ نابینرێ لە خزمەتی کورد و کوردستان بێ، لە کاتێکدا توانای مادی ئەوەندە زۆرە بتوانرێ ساڵانە بە لای کەمی فیلمێکی پوختە دەربهێنرێ تەعبیر لەو ئاوات و خەون و داواکارییە هاوچەرخانەی کورد بکا، بەڵام کێشەکەی ئێمە لێرەوەیە کە ڕەخنەی لێ دەگرین، ئێمە لەگەڵ ئەو شێوازەی کارکردن نین کە ڕەخنەی لێ دەگرین، دەبێ شێوازی مۆدێرن بدۆزرێتەوە بۆ کارکردن و بەرهەم هێنان، لە یەک کاتدا ئەم شێوازە نوێیە کە داواکارییەکی ئەمڕۆی کوردە، لە بواری بەرهەمهێنانی گشتی و کەرتی تایبەتیش ڕەنگبداتەوە، لە هەمان کات بە ناو کۆنترۆلی فەلسەفەی سیاسی وڵات تێپەڕێ، لە هەمان کات لە چوارچێوەی فەلسەفەیەکی سیاسیانە کە لایەنی پلورالیزم و پەرلەمەنتاریزم و دیمۆکراسی و مرۆڤدۆستی لەبەر چاو بگیرێ کە ئەمەش ئەو مۆدێلە سیاسییە زیندووەیە کە هەرێمەکەمان بەرەو ئەوە دەچێ ئەو شێوە حوکمڕانیە وەربگرێ. چونکە ئەم شێوە حوکمڕانیە باشترین شێواز و بوونێکە بۆ زیندوو ڕاگرتن و دەوڵەمەند کردن و جێگیرکردن و بە هێز ڕاگرتنی کورد وەک نەتەوە و وەک ڕۆشنبیری و کولتوور و چارەنووس، بۆیە سینەما، وەک چەکێک و هونەرێکی هاوچەرخ کە دەشێ خەڵکێکی زۆر بیبینێ، باشترین هونەرێکە بۆ یندووبوونەوە و پیشاندانی داواکاری و خەون و ئاوات و خەباتی ئێمە وەک کورد وەک کوردستان و وەک مرۆڤ. ئێمە پێویستیمان بە نەخشەو پلان هەیە بۆ بەرهەمهێنانی ساڵانە یەک دوو فیلمی نایاب هەیە. دەشێ لەمە ڕووەوە سوود لە گشت توانای هونەری و تەکینکی هەرێم وەربگیرێ.



# فیلمی سرتە لە گەڵ با دوو خەڵاتی سەرەکی فیستیڤاڵی ئێمالی ئیسپانی بەدەستهێنا







فیلمی سینەمایی سرتە لە گەڵ با یەکەمین فیلمی فیکشنی شەهرام عەلیدی یە، بە ئامادەبوونی ئەم دەرهێنەرە کوردە لە بەشی پێشبڕکێی هەشتەمین خولی فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمی "ئۆرۆعەرەب" (ئێمال) Amal لە ئیسپانیا نمایشکرا و توانی دوو خەڵاتی سەرەکی باشترین فیلم و باشترین ئەکتەری پیاوی ئەم فیستیڤاڵە بەدەستبێنێت.

بە پێی راپۆرتی راگەیاندنی گشتی فیلمی "سرتە لە گەڵ با"، ئەندامانی لیژنەی دادوەری بەشی پێشبڕکێی سەرەکی هەشتەمین خولی فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمی ئێمال، بە هۆی ڕێبەرایەتی جوان و دەرهێنانی پوختی فیلمی سینەمایی "سرتە لە گەڵ با"، خەڵاتی سەرەکی باشترین فیلمی فیستیڤاڵیان پێشکەش بە سینەماکاری لاوی کورد شەهرام عەلیدی کرد و هەروەها دادوەرانی ئەم فیستیڤاڵە، بە هۆی رۆڵی باش و کردەوەی جوانی "عومەر چاوشین" لە فیلمی سینەمایی "سرتە لە گەڵ با"دا خەڵاتی باشترین ئەکتەری پیاوی ئەم فیستیڤاڵەیان پێشکەش بەو ئەکتەرە ناودارەی سینەمای کوردستان کرد و لەراستیدا ئەم خەڵاتە بە یەکەمین خەڵاتی نێونەتەوەیی ئەکتەری سەرتاسەری هەرێمی کوردستان و عێراق لە مێژوی سینەمای ئەم وڵاتە دێتە ئەژماردن.

شەهرام عەلیدی دوای وەرگرتنی خەڵاتی باشترین فیلمی بەشی پێشبڕکێی فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمی "یۆرۆعەرەب" بە هۆی رۆحی ئاشتی خوازیانە و مرۆڤدۆستانەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان"مەسعوود بارزانی" ئەو خەڵاتەی پێشکەشی بەرێزیان کرد،

فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمی عەرەبی - ئەورووپی بە بەشداری کۆمەڵێک فیلم لە لایەن سینەماکارانی سەرتاسەری جیهان لە کۆتایی مانگی ئۆکتۆبەری ئەمساڵ لە شاری سەنتیاگۆ دیکۆمپۆسێلا لە وڵاتی ئیسپانیا بەرێوەچوو.



# لە نێوان فیلمی قادسیە و فیلمی کوردیدا



**دەرهێنەر ناسر حەسەن**

فێستڤاڵی پۆسانی نێو دەوڵەتی بە یەکێک لە دیارترین فیستڤاڵەکانی ئاسیا ئەژمار دەکرێت،ئەمساڵ تەمەنی ئەو فیستڤاڵە 15 ساڵ بوو،لە بەرامبەر فیستڤاڵە دیارەکانی تری دونیا تەمەنێکی کورت بەڵام پڕ بەخششی هەیە،بۆ فیستڤاڵی 2010 بڕیاری دا کە پرۆگرامێکی تایبەت و بەشێکی تایبەت بە سینەمای کوردی لە بەشی لاوەکی ساز بکات،وەک لە وێب سایدەکەیان بینیمان و حەسەن عەلی دەرهێنەر بۆی گێڕامەوە: کە بە فیلمی گەرەکی داهۆڵەکان بەشداری بەشی پێشبڕکێی ئەمساڵی کردبوو، لەبەشی(ئەو رۆحانەی تورە نابن)چەند بە رێزەوە پێشوازی لە فیلمی کوردی کرا. لەو ناونیشانەوە بۆ مان دەردەکەوێت کە کورد جگە لە هەموو ئەوئاستەنگانە هاتونەتە بەر دەمی لە پێناو بەرەو پێشەوە چوون و بە شارستانی کردن بەڵام سەرهەڵدانێکی کولتوری و سینەماییان بۆخۆیان دابینکردووە.هەروەها ئەو تایتلە سومبولی ئەوەیە کە کە رۆحی کورد زیندووە و تورە نابێت،لەو پەنجەرەیەدا هەشت فیلمی کوردی نمایشکران و فیلمەکانی کوردستانی عێراق بەشی شێریان بەرکەوتبوو.جگە لە فیلمی دەرهێنەرانی کورد لە ئەوروپاو تورکیا و ئیران.

ئاهەنگێرانی ئەو فیستڤاڵە، بە سینەمای کوردی مانای رون و ئاشکرای هەیە،بەوەی کە فیلمسازانی کورد لەسەر رێگایەکی راست و دروستن بۆ دروستکردنی فیلم،بەتایبەتیش بەم دوو فیستڤاڵەی دوایی کە دەرهێنەرانی کورد توانیان پێگەی خۆیان هەبێت و چەند خەڵاتێکی دیار لە رێگەی فیلمە بەرهەمهاتووەکانی وەزارەتی رۆشنبیری وەربگرن،فیلمی شوێنێک بۆ یاری شەوکەت ئەمین توانی چەندین خەڵاتی فیستڤاڵەکان بەدەست بهێنێ هەروەها فیلمی سرتە لەگەڵ بای شەهرام عەلیدی توانی لە فیستڤاڵی کانی 2009 لە بەشی رەخنەگران 3 خەڵات بەدەست بهێنێ،بەم دواییەش فیلمی گەرەکی داهۆڵەکان کە لە نووسینی شێرزاد حەسەن و دەرهێنانی حەسەن عەلی ئەویش توانی سەرنجی ریکخەرانی فیستڤاڵی پۆسان بۆلای خۆی رابکێشێت و توانی لەگەڵ 10 فیلمی جیهانی بچێتە بەشی پێشبڕکێ،هەروەها فیلمی هەرمانی دەرهێنەری لاو حوسێن حەسەن توانی لەبەشی پێشبڕکێی 2009 ی فیستڤاڵی پۆسان بەشداری بکات.

جگە لەم فیلمانە فیلمی تریش هەن کە دەرهێنەرەکانیان کوردن و بەرهەمی وەزارەتی رۆشنبیری کوردستانە بەشداری فیستڤاڵە جیهانییەکان دەکەن وەک(کان و سنتا باربارا و سویسرا و لەندەن و ئیسپانیا و تۆرنتۆ....) و بۆتە جێگەی سەرنجی دادوەر و بینەران و فیلمسازان.

هەورەها دەرهێنەر شەهرامی عەلیدی بە فیلمی سرتە لەگەڵ با لە فیستڤاڵی سانتیاگۆ ی ئیسپانیا توانی خەڵاتی باشترین دەرهێنەر و باشترین ئەکتەر کە هونەرمەند عومەر چاوشینە وەربگرێت،جێگەی سەرنجە یەکەمین جارە ئەکتەرێکی کورد نەک لەسەر ئاستی کوردستان بگرە لەسەر ئاستی عێراق و وڵاتانی دەوروبەری خەڵاتی باشترین ئەکتەر لە فیستڤاڵێکی جیهانی لە ئەوروپا وەربگرێت.

هەروەها نابێت ئەوە لە بیر بکەین کە فیلمی شوێنێک بۆ یاری لە فیستڤاڵی خەلیج خەڵاتی باشترین فیلمی بەدەست هێنا هەمان فیلم لە فیستڤاڵی بەیروت خەڵاتی باشترین فیلم و باشترین سیناریۆی بەدەست هێنا.

هەروەها فیلمی دەرهێنەرانی دیکە وەک مەهدی ئومێد و جانۆ رۆژبیانی و هونەر سەلیم و ئەنوەر سندی و رێڤین عەساف و ئاراس رەشید توانیان روی گەشی کورد پیشانی بینەران بدەن، ئەو فیلمانە لەنێوان ساڵانی 2000 بۆ 2005 بەرهەمهاتوون.

بە بۆچوونی خۆم ئەگەر پشتگیری هەبێت بۆ بەشدار بوون و ئەکتیڤ کردنی بەشدار بوون لە فیستڤاڵە جیهانییەکان هەروەها لە رێگای وەزارەتی رۆشنبیری یان راستەوخۆ ئەنجومەنی وەزیران پشتگیری بکرێت ئەو کاتە رەوشی هونەری و شارستانی و پێشکەوتنی کورد قۆناغێکی تازە بە خۆیەوە دەبینێ کە پێشتر نەیبینیوە.

وڵاتانی تر هەموو هەوڵ و تەقەلایەک دەدەن لە پێناو گەیشتن بە فیستڤاڵە جیهانییەکان وەک بەکارهێنانی راگەیاندن و پەیوەنییە دبلۆماسییەکان و خەرج کردنی بڕە پارەیەکی ئێجگار زۆر.

بۆنمونە فیلمێکی کەنداوی عەرەبی 8 ملیۆن دۆلار بودجەی کەی بوو لەهەمان کاتدا فیلمێکی کوردی 200 هەزار دۆلار بودجەکەی بوو کەچی فیلمە کوردییەکە کە بەرهەمی وەزارەتی رۆشنبیری بوو خەڵاتی یەکەمی وەرگرت و ئەوی تریش خەڵاتی دووەم.

(سەیر و سەمەرەیە)!!!!!!!!!!!!!!!!!

دەرهێنەرانی کورد بەشداری دەکەن لە فیستڤاڵە جیهانییەکان بە توانستی سادە و و ساکار ی لایەنی دارایی و راگەیاندن و پەیوەندی نێودەوڵەتی .. ئەوەی جێگەی سەرنجە کێبڕکێی دەرهێنەرانی کورد لەسەر خەڵاتی یەکەمە لەفیستڤاڵەکان.

چونکە ئەوان هەڵگری بیری پێشکەوتن و شارستانین بۆ دروستکردنی فیلمی کوردی،ناوەرۆکی فیلمەکانیان هەڵگری بیری مرۆڤایەتین،دوور لە توند و تیژی و رەگەست پەرستی.

هەرشتێک شتێکی ترمان بیر دەهێنێتەوە!!!!!!!!

لە ساڵی 1980 بەر لە جەنگی عیراق ئێران سەرقاڵی وێنەگرتنی چەند فیلمێکی تۆماری بووم سەبارەت بە شوێنەوار و کولتور لە هەموو عێراق،وارێکەوت کە لەگەڵ ستافەکەم لە شاری گەشت وگوزاری حەبانیە بمینییەنەوە،لەناکاو سەرسام بووم بە بینینی سەدان راگەیاندنکار و تەکنیکار و هونەرمەند،زانیم ئەوانە گروپی وێنەگرتنی فیلمی القادسیە ن کە لە دەرهێنانی سەلاح ئەبوسیەیف بوو،ئەو فیلمە بەر لە جەنگی عێراقی و ئێرانی ئامادەباشی بۆکرابوو بۆیە بە یەکێک لە فیلمەکانی تایبەت بە رژێمی پێشو هەژمار دەکرێت.

لەوێ لە یەکێکم بیست کە تاکو ئێستاکە ئەو فیلمە 15 ملیۆن دۆلاری بۆ خەرج کراوە ئەگەر پێویست بێ رەنگە زیاتریشی بۆ سەرف بکەن.ئەوە بڕە پارەیەکی زۆر بوو لە چاو ئەو سەردەمەو بۆ فیلمێکی عەرەبی.

دوای تەواو بوونی ئەو فیلمە لە رێگای وەزارەتی راگەیاندنی عێراقی بۆ فیستڤاڵی کان رەوانەکرا،بودجەی ریکلام و راگەیاندن و کۆڕ و کۆبونەوەکانی ئەو فیلمە گەیشتە یەک ملیۆن و پێنج سەدە هەزار دۆلار. بڕە پارەیەکی خەیاڵی لە دروستکردنی جگەرەی القادسیە و جاناتی تایبەت بە و فیلمە کە هەڵگری ناوی فیلمەکە بوو دواتر دابەش کردنی بەسەر دانیشتوانی پاریس و شارو دێهاتاەکانی دەورو بەری.

جگە لەمانەش کونسولخانەی عێراقی و راگەیانی دەرەکی عێراقی شەو و رۆژ کاریان دەکرد بۆ ئەوەی ئەو فیلمە بگاتە بەشی پێشبڕکێی فیستڤاڵی کان بەڵام هەموو هەوڵ و تواناکان هەرەسیان هێناو لەبەر چەندین هۆ کەپێویست نییە لێرە باسی بکەم.. فیلمەکە لە دەرەوەی ئەو فیستڤاڵە نمایشکرا.

لەگەڵ ئەو هەموو بەشداری و سەرکەوتن و بڵاوبونەوەی کە فیلمی کوردی بە خۆیەوە بینیوە هیوا دارم کە شتێکم بیر نەچوبێت ئەگەر واش بێت ئەوا داوای لێبوردن دەکەم کە نەمتوانبێت بە فراوانتر باسی هەموو ئەو ئەنجام و داهێنانانە بکەم کە سینەماکاری کورد پێی گەیشتوون.

زۆر بەداخەوە هەتاکو ئێستاکە زۆرێک کەس هەن بڕوایان بەو پێشکەوتن و گۆرانکاریانە نییە،تەنها پاش خوێندنەوەیان بۆ چەند رستەیەک لە نووسینەکەم، زۆر جار ئەو کەسانە بە چاوێکی نزم سەیری ئەو فیلمانە دەکەن و دەڵێن ئەوی لە ئینترنێن دەنوسرێت و لە میدیاکان بڵاو دەکرێتەوە بەداخەو ئەوان دەڵێن ئەوە قسەی ئینترنێتە بە داوای لێبوردنەوە بۆ هاورێیانی دەرهێنەر ......وەک باوکی رەحمەتیم جاران دەیوت ئەوە قسەی رۆژنامەکانە.

سینەما کوردیکا
ژمارە (١٠) دیسەمبەر ٢٠١٠
cinemakurdika@yahoo.com

# جوولە و جولە تایبەتمەندەکانی جاک نیکلسۆن

ئەبراهام رەمەزان


1


2

لەڕووی سایکۆلۆژیەوە تیۆرێک هەیە ئەویش پێی دەوترێت تیۆری ( جان پیاجیێ ) کە باس لە هەستە جوولە دەکات واتە سایکۆلۆژی جوولە، هەر هەموو جوولەیەک لە مرۆڤ پێی دەوترێت وەڵام دانەوە . ...

واتە جوولەی مرۆڤ وەڵام دانەوەو وروژاندنی ناوەوەی مرۆڤە کە گوزارشتی لێ دەکات. کاتێک قسە لە پانتۆمایم دەکەین واتە قسە لەسەر ئەو جوولەیە دەکەین کە وەڵام دانەوەیەکە یان نیشانەیەکە بۆ حاڵەتێک ئەمەش کۆمەڵێک شرۆڤەی هەیە، بۆ نموونە کاتێک مرۆڤێک تورە دەبێت رەنگ دانەوەی ئەو تورە بوونە لە ناخیدا کۆنترۆڵی سیما و جەستە مرۆڤێکی ڕق ئەستور نمایش دەکات.هەموو ماسوولکەکانی لەشی دووچاری رەق بوون دەبێت، ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە کەسێک لە ناخی خۆیدا لێکدانەوەییەکی هەیە لە نەستیدا دیار دەکەوێت . ئەم حاڵەتە کۆمەڵێک دەرهاویشتەی ئەنیزمی دەر دەدات،ئەم کۆمەڵە دەرهاویشتانە کە بەیەکەوە دەر دەچێت حاڵەتێکی هەستە جوولە لای ئەو کەسە دروست دەکات. واتە کاتی ئەو هەستە جوولەیە لەلایەن ئەو دەرهاویشتانەوە دروست دەبێت.. گوزارشت کردنێکی جەستەیی لەلای ئەو کەسە دەردەکەوێت، بۆ نموونە : هەموو زانایانی دەروونی تەئکیدی لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە جوولە جێگرەوەی زمان و جێگرەوەی وشەکانە، ئەگەر مرۆڤێک لە جوولەدا بکەوێت ناتووانێت گوزارشت لە بۆچوونەکان و هەڵچوونە و خۆشی و ناخۆشییەکانی ناوەوەی بکات، بۆیە ئەو کەسە زۆرجار ناچاردەبێت هۆنراوە یا پەخشان یا ووشە دەرببڕێت .ئەگەر ئەو شێوە گوزارشتەی نەما ئەوا دەبێتە هۆی ئەوەی کەوا پاڵەپەستۆیەکی دەروونی لای ئەو کەسە دروست بێت،ئەویش بە هەڵچوونەوە بە شێک لە جەستەی دەجوولێنێت. وەک لە فیلمی (about schmidt) لە دیمەنێک جاک نیکلسۆن دەگەڕێتەوە ماڵەوە دەبینێ دایکی بەسەر دەمدا کەوتووە وەک لە وێنەی (1 )دا دەبینرێت،تێڕامانێک ڕادەمێنێت نازانێت بچێتە پێشەوە یان نا،دەستی لێبدات یان نا،چونکە نازانێ مردووە یان نا نەوەکو لە وەر گرتنی پەنجە مۆر تاوەنبار بکرێت، دواتر جاک بڕیار دەدات بچێتە پێشەوە.. بەجۆرێک هەموو نواندی لە دەست و قاچەکانی کۆبکاتەوە . ئەم جولەیە نەخواستراو نییە، بەلکو لێهاتویی و کارامەیی ئەو ئەکتەرەیە کە دەزانێت بەپێی حاڵەتەکان نواندنی جۆراوجۆر نمایش بکات .

هەروەها زۆرجار پێداگری لەسەر ئەوە کراوەتەوە کە مرۆڤێک دادەنیشێت پەنجەکانی دەتەقێنێت، دەنگی هەر قرتەیک لە پەنجەکانی دەستی جیاوازە لە پەنجەکانی تر، واتا هەریەکەیان نیشانەیەکە بۆ کۆمەڵێک سومبولی تر.ئەو کەسانەی کە پەنجەی گەورەیان دەتەقێنن،نیشانەی شەرمە خۆشەویستییە.. ئەو حاڵەتە لەوکاتەدا گورزاشتی دیکەی بۆ نییە،وەک لە وێنەی ( 2)دا ئەم شەرمە خۆشەویستییە لە ڕێگای جولەوە بەرجەستە دەبێت .هەر لە هەمان فیلمدا کاتێک لەسەر کورسیەک دادەنیشێت جاک پەنجە گەورەی دەتەقێنێت .

ئەوانەی پەنجە هەرە بچوکیان دەتەقێنن،نیشانەی ترسێکە لە وەڵام دانەوەی بەرامبەری،ئەوانەی هەر جوارپەنجەکەنیان بەیەکەوە بەشێوەێکی بازنەیی دەخەنە ناو یەکتر ئەو حاڵەتە نیشانەی خۆ بەزل زانینە .

کەمرۆڤێک بە هەڵچونێکی نا ئاسایی دەجولێتەوە سیمای دەم و چاوی گرژدەبێت. وەک زانایانی دەروناسی دەڵێن:زیاتر لە85%ی ماسولکەکانی دەم و چاو لەگەل ماسولکەکانی لەش دەجوولێنەوە،ئەم جوولانەوە جەستەییە بێگومان فەرمانێکی هەیە،ئەم فەرمانە لە کۆمەڵێک دەرهاویشتەوە دروست دەبێت ئەم کۆمەلە دەرهاویشتانە لە حاڵەتێکی سایکۆلۆژی ئەو مرۆڤە دروست دەبێت.مرۆڤ بۆی هەیە لە یەک چرکەدا (800) ماسولکە بجولێنێت کە گوزارشت لە (25)نیشانە بکات،واتا لە کاتێکدا مرۆڤ جولەیەک دەکات کۆمەڵێک لێکدانەوە لە دەم و چاوی دەخوێنرێتەوە،جا ئەو جولەیە گوزارشت بێت لە خۆشی یا ناخۆشی یا هەر دەربڕینێکی تر، بە هەر شێوەیەک بێت وەڵام دانەوەیەکە کە دەیەوێت شتێک بڵێت،دەیەوێت شتێک رەتبکاتەوە،یاخود شوێنی بگۆڕێت،یا دەیەوێت شتێ قبوڵ بکات.واتا ئێمە دەتوانین (25)خوێندنەوەی بۆ بکەین.وەک لە فیلمی(about schmidt)لە دیمەنێکدا لە کاتی ناشتنی دایکی سەیری ئاسمان دەکات، وەک لە وێنەی ( 3)دا دەبینرێت، لەو کاتەدا کۆمەڵێک جولە دەکات کە گوزارشتە لە بیرەوەرییە تاڵ و شیرنەکانی رابردووی لەگەڵ دایکی.شێوەی هەموو ئەو جولانەوانەی کە مرۆڤ دەیکات دەجێتە فۆرمی زمانی(جەستە)،تیۆری(جان پیاجیێ)یان(هەستە جولە )کاریگەری لەسەردەکات واتا هیج جولەیەک بە هەرەمەکی لە خۆیەوە دروست نابێت،ئەگەر هەستێکی لەگەڵ دانەبێت بۆیە ئەگەر جاک نیکلسۆن نە چوبێتە نێو ناخی کارەکتەرەکەوە ئەوا ئەو هەست و حاڵەتە خەمناکە دروست نابێت .

## تەنز

زانای دەروون ناس فرۆید باس لە تەنز یاخود تەنزئامێزی دەکات و دەڵێت: تەنز بەتاڵکردنەوەی ناوەوەی مرۆڤە یاخود ئەو حاڵەتە چەپێنڕاوەیە کەلە ناخی مرۆڤدا هەیە بەتایبەتی ئەو حاڵەتە چەپێنراوە سێکسی و کۆمەلایەتیانەی کەلە مرۆڤدا هەیە، بەتایبەتی حاڵەتی سێکسی کە مرۆڤ ناتوانێ لە ڕێگای جوتبونەوە تێربوون و سێکس لە نێواندا روبدات.بە ناچاری ڕێگەی تەنز دەگرێتەبەر بەڵکو لەوێوەوە شتێکی دەست کەوێ.

فرۆید سەرەتای تەنز یاخود تەنز ئامێزی دەگەڕێنیتەوە بۆ سەرەتای پێگەیشتنی مرۆڤ، کەمرۆڤ لەرێگای تەنز ئامێزە سێکسیەکانەوە دەستی پێکردووە.

کۆمەڵێک زانای تر لەسەر ئەوە ڕێک کەوتوون کە تەنز ئامێز تەنها بەتاڵکردنێکی پەیوەندیە کۆمەلایتیەکانە بۆ سازکردنی گاڵتە و گەپ.

کۆمەڵێکی تر دەیبەنەوە سەر ئەوەی کەئەمیش سومبولێکە بۆ قسەکردن لەرێگای ترەوە، بەواتایەکی تر تەنز گەیاندی پەیامێکە کەمرۆڤ ناتوانێت بەرێگایەکی دروست بیگەیەنێت،نە بادا کەسی بەرامبەر قەبووڵی نەبێت، لێرەدا ئەگەر تەماشای (جاک نیکلسۆن) بکەین وەک لە فیلمی (The Bucket List) دا لە دیمەنێکدا دەبینین چۆن بە سیمایەکی تەنزاویەوە داواکاری خۆی بەرامبەر بە ئافرەتێک بۆ ڕازیکردنی کرداری سێکسی نیشاندەدات کە لەوانەیە بە دیالۆگ قبوڵی نەکات.وەک لەوێنەی ژمار ە(4) دا بەدیار دەکەوێت . بەگشتی هەموو مرۆڤەکان حەز بە گوێیگرتنی گاڵتە و گەپ دەکەن، بەڵام بەپێچەوانەوە هەندێک لە مرۆڤەکان توانای تەنز ئامێزیان نییە کە دیالۆگێک یان دەربڕینی دەم و چاویان گوزارشتی لێ بکات. بۆ نموونە: کەسانێک هەن ناتوانن پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بدرکێنن یاخود گوزارشت لە بۆچوونەکانیان بکەن، تەنها 40% ی مرۆڤەکان دەتوانن ئەم شێوازە بە کاربهێنن،لەم 40% دا مرۆڤەکان توانای تەنها 1/10 خۆیان پیشان دەدەن،لێرەدا جاک جیاوازە لە ئەکتەرێکی تر یەکێکە لەو 40% کەسانەی کە توانای تەنز ئامێزیان هەیە، کە دەتوانێت زۆر سەرکەوتووانە ئەم حاڵەتە پیشانبدات وە پەیامی خۆی چ وەک ئەکتەر یا کارەکتەر ئەفراندن لەو حاڵەت و جولانەوانە دروست بکات، واتە پیشاندانی ئەم حاڵەتە تەنزئامێزە خۆویستیە و لەژێر رکێفی خۆیی دایە نە وەکو خۆنەویستی بێت، وەک دەزانین هەر کارەکتەرێک بۆ گەیاندنی پەیامەکەی هەڵسوکەوتی تایبەت بە خۆی هەیە. ئەمەش لە جاک زۆر جوان دەتواندرێت هەستی پێ بکرێت و زۆر سەرکەوتووانە دەتوانێت تەنز بەکاربهێنێت و تێکەڵی جولەوە حاڵەتەکانی بکات، لەلایەن ئێمەی بینەریشەوە قبوڵ بکرێت و زۆر بە ئاسایی ببینرێت چونکە لەوانەیە زۆر جار بڵێین ئەمە فشەکردنە، بەڵام لەلای جاک نیکلسۆن دەتوانین تەنز بە گشت جۆلانەوەکانی دەم و چاوی بە راستگۆیی ببینرێت، بۆیە دەتوانێت سەرنجی ئەکتەری بەرامبەری و تەنانەت بینەریش بۆ خۆی ڕابکێشێت، کە ئەمەش بۆ وروژاندنی بینەر و کارەکتەری بەرامبەرە، چونکە هەموو جولەیەک وەڵام داناوەیەکە بۆ ورژاندنێک.

خاڵێکی تر لە دەم و چاوی جاک نیکلسۆن کە دەتواندرێت ببێتە بەشێک لە تەنز ئەویش دەم چەقاندنە کە ئەویش نیشانەی بیرهاتنەوەی ڕووداوێکی خامناکە کە هەست دەکات ئەوە ئەگەری مردنە یاخۆد نیشانەی پەشیمانی و دەربرینی سۆزە لای جاک، یاخۆد نیشانەی کوتایی هاتنی خەم و سەرەتای شتێکی نوێیە بۆ کەسێکی تازە، بە مانایەکی تر بڵێین جاک لێرەدا دوو شت کۆ دەکاتەوە کە دوو شتی پێچەوانە واتە کونتراستی یەکترن وە هەردووکیان قبوڵ دەکات زۆر جار نازانێت کامەیان هەڵبژێرێت. وەک لە وێنەی ژمارە ( 5و 6) دیارە .

## پەنجەکانی پێ

یەکێکی تر لە جولانەوە جەستەیەکانی جاک نیکلسۆن ئەویە کاتێ کە خودی خۆی دەچێتە نێو جولانەوە جەستەییەکانی تەواوی لەشی لە کاتی قسەکردندا لەسەر پەنجەکانی پێی بەرز و نزم دەکاتەوە، ئەو جولە تایبەتییە جاک جیادەکاتەوە لە ئەکتەرانی تر،لەزۆبەی فیلمەکانی ئەو جولەیە بەردەوام دووبارە دەبێتەوە، ئەوەش ئەوەمان پێ دەڵێت کە دەیەوێت قسەکانی زاڵ بێت لەسەر بەرامبەرەکەی، تەنها بۆ تێگەیشتن لە و جولەیە لە فیلمی (The Bucket List...) لە وێنەی ژمارە (7) بە دروستی ئەمە بەر چاو دەکەوێت .

هەر وەک توێژەرانی دەرونزانی دەڵێن: کەسێک کە تورەبێت ناتونێت بە پاڵدانەوە تۆرەبێت و قسەکانی بەسەر بەرامبەرەکەی زاڵبێت، بەڵام کاتێک لەسەر پێ دەوەستێت دەتوانێ زیاتر تۆڕەبونەکەی یاخۆد قسەکانی کاریگەرتر پیشانبدات، بۆیە ئەوانەی لە کاتی کۆبونەوە گەورەکان بە دانیشتن تورەدەبن،لەسەر مێزەکەیان هەڵدەستنەوە سەر پێ ئینجا قسەکانیان و تورەبونەکانیان دەردەبڕن. تەنانەت زۆر جار دەچنە سەر مێزەکانیان و شەڕ دەکەن، بەڵام لە روی زانستیەوە دیالۆگی رۆمانسی لەسەر مێزدا پان دەبێتەوە یان کورت دەبێتەوە، چونکە هەموو قسەکردنێکی رۆمانسی وەک دەرونزانان دەڵێن: (بەشێوەکی ئاسویی دەڕوات، بەڵام هەموو قسەیەکی هەڵچو و توند و تیژی بەشێوەکی ستونی دەڕوات)، بۆیە مرۆڤ بە شێوەیەکی گشتی لە کاتێکدا کە لەسەر پێ وەستاوە زیاتر دەربڕینەکانی بەرزدەبن و کاریگەریان زیاتر دەبێت.

ئەمەش جۆرێکە لە سەپاندنی خودی خۆی و سەپاندنی بیر و رای خۆی،بەم شێوەیە زۆر بە ئاشکرا دەتوانین توانایی نواندنی کارەکتەر جیاواز لای جاک نیکلسۆن ببینرێت،ئەمیش لە بەرزی توانایی و لێهاتوویی جاک نیکلسۆنە. سەرنج: چەند دیمەنیک لەم دوو فیلمە بەنموونە وەرگیراوە بۆ شیکاری بابەتەکەمان،مەرج نییە لە زۆربەی فیلمەکانی تری جاک نیکلسۆن ئەم دەربڕینانە هەبن .


3


4


5


6


7



# پازۆلینی : ژیان و سینەما

**بەشی یەکەم**

.. پازۆلینی نووسەر و شاعیر و ئەکتەر و دەرهێنەر و تیۆریناس و ئاواز دانەر بوو. لە 5 مارسی ساڵی 1922 لە بۆلۆن لە ئیتالیا لە دایک بووە، لە شەوی 1 لەسەر 2ی نۆڤەمبەری ساڵی 1975 دەکوژرێ و تەرمەکەی لە نزیک رۆما دەدۆزرێتەوە.

فیلمە هەرە دیارەکانی پازۆلینی بریتین لە : "ئینجیل لە گێرانەوەی سان ماتیۆ" کە لە ساڵی 1964 دەریهێناوە، ئەم فیلمە سێ جار بۆ خەڵاتی ئۆسکار هەڵبژێردراوە. فیلمی "چیرۆکەکانی کانتربری" کە لە ساڵی 1972 دەریهێناوە، خەڵاتی ورچی زێڕینی وەرگرتووە لە فێستیڤاڵی بەرلین، فیلمی "هەزار و یەک شەوە" کە لە ساڵی 1974 دەریهێناوە و لە فێستیڤاڵی کان پێشکەش کراوە.


پازۆلینی بە وەرگرتنی زیاتر لە 14 خەڵات و رێزلێنان، بە فیلمەکانی لە جیهانی سینەما بە خێرایی دەناسرێ و یەکێکە لە فیگەرە هەرە بە هێز و سەرەکییەکانی سینەماو هونەری ئیتالی. پازۆلینی ژیانێکی زۆر پڕ لە هەوراز و نشێوی هەبوو، هەردەم ئەم وتەیەی دووبارە دەکردەوە : (هەقیقەت تەنیا لە ناو یەک خەون نادۆزرێتەوە، بەڵکو لە ناو چەندان خەون).

پازۆلینی تا دەگاتە سەردەمی هەرزەکارییەکی درەنگ، ژیانێکی پڕ لە گواستنەوە و جێگۆرکێی هەبووە، بە هۆی کاری باوکی هەردەم لەو شار چوونەتە ئەو شار، چونکە باوکی سوپایی بووە و هەردەم لە جوولەدا بووە. لە سەرەتای ساڵانی سییەکان پازۆلینی کە هێشتا هەرزەکار بووە، بەرەو شیعر و ئەدەبیات دەچێ، وردە وردەش لە جیهانی ئایینی دوور دەکەوێتەوە. دوای ئەوەی خێزانەکەیان دەگەڕێتەوە شاری بۆلۆن کە پازۆلینی خۆشترین ژیانی لاوی تێدا بەسەر دەبا و زۆر حەز لەو شارە دەکا. لێرەوە وێڕای درێژە دان بە خوێندن، خەستتر دەکەوێتە ناو خوێندنەوە، کارە ئەدەبییە مەزنەکان دەخوێنێتەوە، وەک رۆمانەکانی دیستۆیەڤسکی، تۆلستۆی شکسپیر، بەرهەمی شاعیرە رۆمانتیکیە مەزنەکان. لەگەڵ هەندێ لە هاوڕێ نزیکەکانی بازنەیەکی ئەدەبی دروست دەکەن بۆ گفتوگۆ کردن لەسەر ئەدەبیات و فیکر و هونەر. لە هەمان کات وەک قوتابیەکی زۆر زیرەک و چالاک درێژە بە خوێندن دەدا. تواناو زیرەکییەکەی لە خوێندن یارمەتی دەدا چەند هەنگاوێک ببردرێتە پێشەوە. سەرەنجام کە هێشتا تەمەنی حەڤدە ساڵانە لە کۆلێژی ئەدەبیات لە زانکۆی بۆلۆن وەردەگیرێ. لێرەوە گرینگیدانی بەرینتر دەبێ، بەرەو رۆمان و هونەری رۆمانووسین و ئێستێتیک و هونەری فیگوراتیڤ دەچێ. هاتوچۆی یانەکانی سینەما دەکا، زۆر بە فیلمەکانی رێنێ کلیر سەرسام دەبێ، هەر لەم ماوەیەش زۆر گرینگی بە یاری تۆپێن دەداو کاری وەرزشی دەکاو تیپێکی تۆپێن دروست دەکاو هاوڕێکانی دەیکەنە کاپیتانی تیپەکە. بە سواری پایسکیل نزیکەی هەموو ئیتالیا دەگەڕێ، هاوڕێکانی بە شێوەیەک باسی دەکەن و دەڵێن : ئەو نەک هەر تەنیا لە ناو کلاس بە توانا و ئازایە بەڵکو لە هەموو ئەو بۆنە و چالاکییانەی لە لایەن (گروپی فاشیستی زانکۆیی) رێکدەخرا، ئەو چالاکیە کولتوریانەی لە شارەکەی رێدەخراو بەشداری تێدا دەکرد. لەم ماوەیە پازۆلینی گرینگی زۆر بە ئەدەبیات، بە تایبەتی شیعری یۆنانی دەدا. هاوینان خێزانەکەیان دەچوونە ناوچەی کازارسا، پازۆلینی لەم پشووانە شیعری دەنووسی بۆ هاوڕێکانی دەنارد، بە تایبەتی بۆ: فرانچێسکۆ لیۆنێتی و رۆبێرتۆ رۆڤێرسی، لە نامەیەک بەم جۆرە لەم بارەیەوە دەدوێ : ( یەکێتی روحی شێوازی یەکگرتنی ئێمەیە بۆ ئەوەی هەست بکەین کە ئێمە گرینگین، دەمێکە ئێمە گروپێکین، لەو باوەڕەم خەریکە جۆرە شیعرێکی تری نوێ سەرهەڵدەدا).

ساڵی 1941 یەکەم کۆمەڵە شیعری خۆی بە ناوی (شیعرەکانی کازارسا) بڵاو دەکاتەوە کە لەسەر ئەرکی خۆی چاپی کردبوو. رەخنەگرێکی وەک گیانفرانکۆ کۆنتینی زۆر پێی سەرسام بوو بوو. لێرەوە سەرەتایەکی تر لە ژیانی پازۆلینی دەست پێدەکا و بە خەستی دەچێتە ناو ئەدەبیات و هونەر و وێڕای گرینگیدان بە خوێندنی زانکۆیی و تێکەڵ بوون بە چالاکی کولتووری شاری بۆلۆن. لەم ماوەیە زۆر گرینگی دەدا بە نیگارکێشی، سەرنجی رەخنگرەکان بۆ خۆی رادەکێشێ، هەر لەم ماوەیە دەیەوێ تێزێک لە بارەی هونەرەوە ئامادە بکا، ئەمەش بە کاریگەری یەکێ لە پرۆفیسۆرەکانی هونەر کە زۆر دەرگای هونەری بۆ دەکاتەوە، هەر لێرەوەش بەرەو سینەما دەچێ، سەرەنجام تەنیا یەک بەشی لە تێزەکەی نووسیبوو واز لەم پرۆژەیە دێنێ و بەرەو سینەما دەچێ. هەر لەم ماوەیە سەفەرێک بۆ ئەلمانیای نازی دەکا کە لە لایەن ئۆرگانیزاسیۆنی لاوانی فاشیستی زانکۆیی رێکخرابوو، لەم سەفەرە پازۆلینی کولتووری ئەورپی دەدۆزێتەوە کە تا ئەو کاتە هەستی پێ نەکردبوو. لە گەڕانەوە وتارێک بە ناوی (کولتوری ئیتالیاو کولتوری ئەورپی ڤایمار)دەنووسێ، بڵاوبوونەوەی ئەم وتارە رژێمی فاشیستی زۆر تووڕە دەکا. لێرەوە سەرەتای ژیانی فیکری و ئەدەبی و هونەری یاخیبووی پازۆلینی دەردەکەوێ کە فاشیستەکان ئیتر دەزانن هیچ سوودێکی بۆ ئەوان نابێ.

یەکەم تاقیکردنەوەی سینەمایی پازۆلینی لەگەڵ یەکێ لە هاوڕێکانی دەست پێدەکا بە ناوی گیۆرگیۆ باسانی، سیناریۆیەک بە ناوی (کچەکەی رووبار) دەنووسن. کە لە لایەن ماریۆ سۆلداتی وێنەی بۆ گیراوە. لە هەمان کات پازۆلینی درێژە بە نووسینی ئەدەبی خۆی دەدا، شیعر و رۆمانیش دەنووسێ. رۆمانی (ژن) کێشەیەکی زۆری بۆ دروست دەکا. بە هۆی ئەم رۆمانەوە دەدرێتە دادگا، بەڵام بە هۆی رای یەکێ لە رەخنەگرەکان رزگاری دەبێ کە ئەم رۆمانە دژی ئایین نیە، بەڵکو رۆمانێکە هەستی بەخشندەیی پێشکەش دەکا. یەکەم فیلمی پازۆلینی بە ناوی ئەکاتۆن ـە، لە لایەن رەخنەگرانی ئیتالی گرینگییەکی ئەوتۆ بەم فیلمە نادرێ، بەڵام لە لای فەرەنسیەکان ناووبانگێک پەیدا دەکات.






# سینەمای کوردی لە فیستیڤاڵە جیهانییەکان خۆی دەسەلمێنێ

## ڕێبەند سەعدوڵا

ئەگەر بەرهەمە سینەماییە کوردییەکان لە ژمارەدا کەمیش بن، بەڵام فیستیڤاڵە نێو نەتەوەییەکان شایەتی ئەوەمان بۆ دەدەن کە ئەو ژمارەیە سنووردارە شوێنی خۆیان لە سکرینە جیهانییەکاندا دەکەنەوە، جا بەتەنیا بەبەشداریکردن بێ لە فیستیڤاڵ و بۆنە سینەماییەکان یاخۆ چنینەوەی خەڵات و رەخنەی جیهانی بن.



فیلمی پەڕینەوە لە غوباری شەوکەت ئەمین دوا فیلمی کوردییە کە لە فیستیڤاڵی کانی فرەنسایی و نێودەوڵەتیدا بەشداری کردبێ و خەڵاتی بەدەست هێنابێ، ئەمەش پێش ئەوەی بەرهەمی سینەمایی "سرتە لەگەڵ بادا" لە هەمان فیستیڤاڵ 5 خەڵاتی ڕەخنەگران بەدەست بێنێ، بێگومان ئەو پێنج خەڵاتە بەلایەنی کەمەوە مانای گرینگی پێدانی رەخنەگران دەگەیەنێ بەبەرهەمەکە.

شەوکەت ئەمین لەبارەی فیلمی پەڕینەوە لە غوبار پێی ڕاگەیاندم کە فیلمەکەی بەستایلی "ڕۆد مووڤی" دروست کردووە، ئەم جۆرە فیلمەش تەعبیرە لەو بەرهەمانەی زۆربەی گرتە و دیمەنەکانی لەسەر ڕێگە تۆمار دەکرێن، جا با لەو ڕێگەیەدا کەسێک بەپێ بڕوا یاخۆ بەسواری پایسکل و ئۆتۆمۆبێل و شەمەندەفەر و هەر هۆیەلێکی تری بەڕێدا ڕۆیشتن بێت.

شەوکەت گوتی کە "لە ڕێگەی پەڕینەوە لە غوباردا، چیرۆکی ڕووداوەکان و وێنەی ئاسەوارەکانی شەڕی ئەمەریکا بۆ سەر عێراقم گێڕاوەتەوە، گێڕانەوەی چیرۆکەکە باسی چەند سەعاتێکی بەڕێدا ڕۆیشتن دەکات، بەڵام من لە تەکنیکی فیلمەکەدا ئەو ماوەیەم بۆ بیست دەقیقەیەک کورت کردووەتەوە".

لەبارەی ئەم فیلمەوە، ڕەخنەگری سینەمایی فەرەنسایی ژرار لیفۆرتە لە وتارێکدا بەناونیشانی "کوردە خاوەن هەستەکان" لە ڕۆژنامەی "لیبراسیۆن"دا نووسیویەتی "دەتوانم فیلمی سینەمایی پەڕینەوە لە غوبار بەفیلمێکی بەهێز وەسف بکەم کە لە کوردستانی عێراقدا بەرهەم هاتووە، هونەرمەند شەوکەت ئەمین کورکی /36 ساڵ/، بەهێزەوە یەکەم فیلمی خۆی ئیمزا دەکات و وێنەی قۆناغی دواینی شەڕی عێراق دەکات".

ڕۆژنامەی "لیبراسیۆن"ی فرەنسایی زیاترین پلە واتە ئەستێرەی لە نێو هەموو فیلمەکانی دیکەی پێشکەشکراو لە هۆڵی سینەماکانی فرەنسادا، بەفیلمی سینەمایی پەڕینەوە لە غوبار بەخشیوە.

هەروەها ڕۆژنامەی "لۆمۆند"ی پڕفرۆشترین ڕۆژنامەی فرەنسا، فیلمی سینەمایی پەڕینەوە لە غوبار بەفیلمێکی تراجیدی-کۆمیک وەسف دەکات کە باس لە هەلومەرجەکانی مرۆڤایەتی دەکات.

هونەرمەند شەوکەت ئەمین کورکی لە ساڵی 1973 لە گوندێکی نێزیک باژێڕی زاخۆ لەدایک بووە، لە 2002دا بەڕێوەبەری یەکەمین فێستیڤاڵی کورتە فیلمی کوردستان بووە کە لە هەولێر بەڕێوە چوو، کۆمەڵێک کورتە فیلم و هەروەها فیلمی "پەڕینەوە لە غوبار"ی دەرهێناوە، کە زیاتر لە 60 فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیدا پێشان دراون و 15 خەڵاتی بەدەست هێناوە، ئێستە ئەندامی ئەکادیمیای خەڵاتی سینەمایی تازە دامەزراوی ئسکرینی ئاسیا پەسیفیکە.

هەروەها بەهمەنی قوبادی لەبارەی بەرهەمی سینەمایی "نیوە مانگ"ی خۆیەوە دەڵێ "نیوە مانگ زۆر نێزیکە لە ژیانی کۆمەڵگەی کوردی، ئەم بەرهەمەم لە هەموو ئەوانی تر پرۆفیشناڵترە، فیلمێکە تەواوی ژیانی کورد لەخۆ دەگرێ". ئەم لێدوانەی قوبادیم لە دیداری ڕۆژنامەنووسێکی تورکی بەناوی فاتیمە ساڤجی وەرگرتووە.

قوبادی لەبارەی دواکەوتنی سینەمای کوردی و کەموکورتی و سنووورداری بەرهەمە سینەماییە کوردییەکانەوە دەڵێ "گەورەترین ڕێگر لەبەردەم سینەمای کوردی، کۆمەڵگەی کوردییە، ئینجا هەردوو حکوومەتی ڕەگەزپەرستی ئێران و تورکیا، بەڕاستی من نامەوێ لە یەک کاتدا ڕکابەری هەموو لایەک پێکەوە بکەم، بەڵام بەوردی گلەییەکانم دەردەبڕم و هاوار دەکەم و ڕەخنە دەگرم".

هەروەها لەبارەی ئەو ڕێگرییانەی لە دروستکردنی بەرهەمێکدا دێنە پێشەوە دەڵێ "کێشەکانی کورد زۆرن، من ئەگەر بەسینەما تەعبیر لەهەر کامێکیان بکەم، ئەوا کەسانێک دەبن ڕەخنەم لێ بگرن و بڵێن چۆن دەبێ ژن گۆرانی بڵێ؟ چۆن دەبێ منداڵی پەککەوتە و نەخۆش بکەیتە پاڵەوانی سینەما؟! هەندێکی تر دەڵێن بۆچی کورد بەو شێوەیە پێشانی دنیا دەدەی؟ بەکورتی ڕێگەم پێ نادرێ بەویستی خۆم فیلمێک دروست بکەم، تەنانەت لە ئێستەدا ناتوانم دوو هونەرمەندی کورد بدۆزمەوە کە ئامادەبن بۆ دیمەنێکی فیلمی من، یەکتری ماچ بکەن و چێژ لەیەکتری وەربگرن، لە هەموو ئەوانەدا ڕەخنەم لێ دەگیرێ، بەڵام من ئەوەم لەبیر ناچێ کە کاری سینەمایی من لەپێناو مرۆڤایەتییە بەگشتی".

نەبوونی نووسەری سیناریۆی سینەماش لە ناو کوردان بەکێشەیەکی جیدی دادەنێ و دەڵێ پێویستە نووسەری سیناریۆ بێنینە بەرهەم، نووسینەوەی کتێب و چیرۆک لەگەڵ نووسینەوەی سیناریۆ دوو هونەری لەیەکتری جیاوازن، ڕەنگە دوای پێنج تا دە ساڵی تر سیناریست لە ناو کوردان هەڵبکەون، ئەمەش دوای ئەوەی خوێندنی ئەم بەشەی هونەر تەواو دەکەن، بۆ نموونە برایەکی من ئێستە لە فرەنسا لە بەشی سیناریۆ دەخوێنێ، ڕەنگە کە دەرچوو بتوانێ هاوکاریم بکات".

ئەوەشی گوت کە لە داهاتوودا ئەگەر لە کوردستان کۆمپانیای سینەمایی گەورە دامەزران، ئەوا کار بۆ بەسینەماکردنی ڕووداوە مێژوویییە مەزنەکانی کوردستان دەکات.

قوبادی پێی وایە نابێ سینەماکار پشوو بدات، ئەو ئێستە حەفت پرۆژەی سینەمایی لەبەر دەستە و دەڵێ "بەپەلەم تا تەواویان دەکەم و دواتر دەست بەپرۆژەی تر دەکەمەوە، بەهیچ شێوەیەک بیر لە چێژوەرگرتن و خۆشڕابوێری ناکەمەوە، بگرە دەمەوێ تا لە ژیاندا ماوم ژمارەی بەرهەمە سینەماییەکانم بگەیەنمە 20 بەرهەم، نەک لە دوای خۆم تەنیا پێنج یان شەش بەرهەم بەجێ بێڵم".

قوبادی لەبارەی پێشکێشکردنی ژن لە بەرهەمەکانیدا بەشێوەیەکی چڕ و وردەکارییەوە گوتی "ژن بۆ من خودایە، خودایەکە لەسەر زەوی، خولقێنەری شتەکانە، دایکم ژن بوو منی خولقاند، منی دروست کرد، بۆیە خوداوەندی من دایکمە، دوای خوای گەورە، خوای سەر زەوی من دایکمە، دایکم ناوی ئێرانە، ناوەکەی ناوی ئەو وڵاتەیە کە تیایدا دەژیم، بۆ من ژن لەسەری سەرەوەن و پیاو لە خواری خوارەوەن، ژن لە یەک کاتدا بوونەوەرێکی ئاسمانی و بوونەوەرێکی زەوینیە".

ناسر حەسەن دەرهێنەری سینەما و بەڕێوەبەری گشتیی سینەما لە وەزارەتی ڕۆشنبیریی هەرێمی کوردستان گوتی "ئەو فیلمە کوردییانەی ئێستە دێنە بەرهەم، نابێ تەنیا ئامانجیان بەشداریکردن بێت لە فیستیڤاڵە جیهانییەکان یاخۆ ناوەخۆییەکان، چونکە فیلم لەم دۆخەدا تەنیا لە ئەرشیڤەکان دەمێنێتەوە، بێ ئەوەی جەماوەر پێیان ئاشنا بێ".

نەبوونی هۆڵی سینەمای مۆدێرن، هەروەها یاسای پاراستنی مافی کۆپیکردن، لەسەرووی هەموشیانەوە نەبوونی کۆمپانیای تایبەت بەفلیمسازی هاوچەرخ، 3 کێشەی سەرەکی پێشنەکەوتنی فیلم و سینەمان لە کوردستاندا.

دوای ڕاپەرینەکەی 1991ی کوردستان، یەکەم فیلمی سینەمایی کوردی لە هەرێمدا بەناوی "نێرگز بوکی کوردستانە" هاتە بەرهەمهێنان، دوای ئەم فیلمەش تا کاتێکی درەنگ فیلمی سینەمایی تر دەرنەکەوتن، لە دوای 2003شەوە چەند فیلمێکی سینەمایی لە هەرێمدا هاتنە بەرهەمهێنان، کە تیایاندا دەرهێنەرانی کوردستانی ئێران پشکی شێریان بەرکەوتووە.



# فیلمی ( یەک لە سەدی چرکە)

**شنە پێنجوینی**

خوێنەری خۆشەویست دەتوانی ئەم لینکە لە گووگل لێبدەی بۆ بینینی ئەم کورتە فیلمە لە پێش خوێندنەوەی بابەتەکە
One hundredth of a second- .
Kısa film

نووسین و دەرهێنانی سوزان جاکوبسۆن (SUSAN JACOBSON)
دوای ئەوەی لە خوارووی ئەفریکاو ئوسترالیا ژیانی بەسەر دەبرد و هەر ئەم پەروەردەیەش کاری کردە سەر جاکوبسون کە دەست بکات بە گێڕانەوەی ئازاری نەتەوەکەی بە نووسینی ئەم کورتە فیلمە و دەرهێنانی .
لەدوای ١٣ سال کاری هونەری لەدروست کردنی کاری سینەما لە لەندەن نیشتەجێبوو، لە چەند بەشی هونەری جیاواز وەکوو بەرهەم هێنان، وێنەگرتن وموزیکی فیلمی سینەمایی کاری کردوە .
سوزان بەماوەیەکی کەم سەرکەوتنی بەدەست هێنا لەکارە هونەریەکانیدا پێش ئەوەی هەنگاو بنێت بۆ کاری دەرهێنانی کورتە فیلمی سینەمایی .
بەرهەمی ئالێکس بودن( ALEX EMMA)ە لەنواندی کچە بەتوانای ئینگلیز ( ALEX EMMA)کە رۆڵی کیتی هەیە و(HEATHER CAMERON) ە کامیرۆن کە رۆڵێ برادەرەکەی هەیە.

ئالێکس ئیما کە رۆڵی ئافرەتە فۆتۆگرافەکە دەبینێ، ئەکتەری شانۆ وتەلەفیزیۆن و سینەمای ئینگلیزە.

یەکەمین جار لە فیستڤاڵی سینەمایی ئیدنبرە پێشکەش کرا. لە رێکەوتی ٢٢-٨-٢٠٠٦ .
بۆ یەکەمین جار لە لەندەن رێکەوتی ٥ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٦ لە هۆڵی مایفر کروزن پێشکەش کرا.
ئەم بەرهەمە بەشداری ٣٠ سی فیستڤالی کورتە فیلمی کردوەو خەلاتی بەدەست هێناوە .
لە لایەن بەشی سینەمای سەربە دەستەی بەریتانی هەلبژێردرا بۆ پاڵپشتی جیهانی.
ئەمە چوارهەمین کورتە فیلمی سینەمایی سوزان جاکوبسون وئالێکسبودنە کە کۆمپانیایەکی سەربەخۆن بنکەیان لە( لەندەن و بەرلین) هەیە.

کورتە فیلمی یەک لە سەدی چرکە، لە ٥ پێنج خولەک و ٢٠ بیست چرکە پێک هاتووە.
ئەم فیلمە باسی ئافرەتێکی فۆتۆگراف دەکات کە لەمیانەی گرتنی وێنەیەکی پر ئازار بۆ جیهانی دەرەوە و لەئاکامدا دەبێتە هۆی نەمانی کارەکەی و گۆرانی هەموو ژیانی، هەر بۆیە دەکەوێتە ژێر فشاری پرسیارەوە لە خۆی ؟
گەر مرۆڤێک پێویستی بوو لە مردن رزگاری بکەم ؟ ئایا رزگاری دەکەم یان کارەکەی خۆم ئەنجام دەدەم وەک فۆتۆگرافێک بە گرتنی وێنەیەک لە بەرەکانی جەنگەوە تا ئازاری شەرو کوشتن و ئەو دیمەنە نەبینراوە جەرگ بڕانە بۆ جیهانی دەرەوە بگوێزمەوە ؟

خۆتێوەردان یان یارمەتی ؟ ئەمە ئەو پرسیارە قوڵەیە کە سۆزانی دەرهێنەر بۆ ئەم مەبەستە بەدوای وەڵامەکەیدا دەگەڕێت .
هەروەها ئەم فیلمە بەبیرهێنانەویەکە بۆ هەموو ئەو ترس ودلەراوکێیەی لەمیانەی کاری میدیاوە مرۆڤەکان رۆژانە ڕووبەڕووی دەبنەوە.
لەم کورتە فیلمە، لەیەکێک لەبەرەکانی شەڕدا کیتی چاوی دەچێتە سەر منداڵێک کە رادەکات ئەمیش بە گرتنی هەموو دیمەناکان دوای دەکەوێت تا وای لێدێت بە هەڵە بەردەستی دوژمنەکەی دەکەوێت، ئەمە سەرسوورهێنەرە بۆ فۆتۆگرافێک لە بەرەکانی جەنگدا، بەم شێوەیە دەست بە گرتنی وێنە بکات لەکاتێکدا چاوی منداڵەکە دەچێتە سەر چاوی کیتی وسەیری دەکات بە چاو پێی دەڵێت یارمەتیم بە ........
بەڵام کیتی بۆ ئەوەی وێنەیەکی جیاواز پێشانی دەرەوە بدات بەردەوام دەبێت لە گرتنی ئەو دیمەنانە تا منداڵەکە دەکوژرێ.......
هەرچەندە دەکرێ خوێندنەوەی زۆر هەبێت بۆ شیکردنەوەی ئەو ساتانەی پێش مردنی کچەکە کە دوژمنەکەی داوای لێدەکات کە جانتاکەی فرێبدات بەڵام ئەم منداڵە سوورە لەسەر بەرنەدانی جانتاکەی کە ئەمە بۆ من دەکرێ خۆشەویسترین یاری ئەو منداڵە بێت، دەشێت یادگاری دایکی بێت، جێی سەرنجە بیگەرێنێتەوە بۆ خۆشەویستی نیشتمان، یان پەیوەست بوون وخۆشەویستی بۆ ئەو شتەی خۆت و یان ئازایی وگوێ نەدان بەمردن لە پێناوی مافەکان و راستیەکاندا وچەندین شی کردنەوە و مەبەست و باس لە خۆ دەگرێت.

یان دەتوانین بڵێین هەموو پێشەنگییەک قوربانی دەوێت چوون گەر ئەو منداڵە نەمردایە ئەم پرسیارو تێرامانەی لای مرۆڤەکان دروست نەدەکرد. یان گەر ئەو فۆتۆگرافە ئازایە نەبایە وهەرچەندە لە ئاکامدا ژیانی گۆڕدرا و قوربانی دا، بەڵام جیهانی بەم وێنە تراژیدیایە ئاشنا کردو تا بگەڕێی بە دوی مانای خۆشەویستی و ژیاندا .

بیرۆکەی ئەم فیلمە لە یانەی ( بانغ بانغ) ە کە رۆمانێکە لەسەر جەنگ،باس لەو چوار رۆژنامەوان و فۆتۆگرافە چاونەترس وئازایانە دەکات لە بەرەکانی جەنگ لە خوارووی ئەفریقادا کە چۆن ژیانی خۆیانیان خستۆتە ژێر مەترسیەوە بۆ گرتنی ئەو وێنانەی کە مرۆڤایەتی دەهێنێتە هاوارو گواستنەوەیان بۆ جیهانی دەرەوە .

ئەمە وێنەی ئەو چوار رۆژنامەوان و فۆتۆگرافانەن لەگەڵ تیمی یاریدەدەر کە خاوەنی چەندین وێنەی سەر سووڕهێنەرن .

ئەمە یەکێکە لەو وێنانەی ئەم چوار فۆتۆگرافە کە هەموو مرۆڤایەتی راچڵەکاند وتووشی بێدەنگی کرد.

ئەم فیلمە هەوڵی ئەوە دەدات کە مرۆڤەکان بە جۆرێکی تر بیر بکەنەوە و تێروانینی جیاواز دروست ببێت تا لە بەها مرۆییەکان تێبگەین.هەروەها گرنگی لەوەدا دەبیننەوە شەڕلە هەموو شوێنێک زۆر بووەو رۆژانە لە میدیاکانەوە بە باس و وێنە دێتە پێش چاوی هەموو مرۆڤێک تا وای لێهاتوە زۆر ئاسایی بووە هاوارو ئازارەکان رەنگدانەوەی لەسەر دەروونی مرۆڤاکان نەهێشتووە یان دەتوانین بڵێین هەستی مرۆڤایەتی کوشتوە.

دەکرێ ئەو پرسیارە بکرێ، ئامێرێکی سینەمایی کە چاوی کامێرایە دەتوانێ بێبەزیترین وێنە تۆمار بکات بەڵام ئایا چاوی مرۆڤێک و ناخی مرۆڤێکی وەک (کیتی ) هەمان بینین وکاردانەوەی لەسەر دەروونی دەبێت ؟
چوون ئەو بێدەنگی و ئازارە سەمفۆنیای مەرگی ئەو منداڵەی دەژەنی تا وای لێهات لە تاو ئازاری ویژدان خۆی نەگرت و کارتێکردنی موزیک و سەیرکردنی ئەو دیمەنە و گەڕاننەوە بۆ فلاش باگ بۆ ناو گەرمەی شەڕەکە و تێگەیشتن لەو مانا قوڵەی کە لە چاوی منداڵەکەدا بوو کە داوای یارمەتی دەکرد بەڵام کیتی بۆ ئەوەی وێنەیەکی سارد و بێگیان بگرێت بۆ سەرکەوتنی کارەکەی لە بیری چوو کە منداڵێک لە مەترسی مەرگدایە دەیتوانی گەر بە کۆتایی خۆی وکارەکەی بوایە بەرهەڵستی لەو منداڵە بکردایە تا لەمردن رزگاری بکردایە .
وەکوو بینیمان ئەو وێنەیە لە فیستڤاڵی فۆتۆگرافدا خەڵاتی کامێرای زێرینی پێبەخشرا،
کیتی تووشی بێدەنگی وئازارو ململانێی دەروونی بوو تا وای لێهات هۆڵەکەی بەجێهێشت و خەڵاتەکە بۆ ئەو هیچ مانایەکی نەما .
ئەمە ناوەرۆکی ئەم کورتە فیلمەیە کە دەرگایەکی بەرووی سەدان پرسیارو بیرکردنەوە کردۆتەوە بۆ کیتی وهەزارانی ترو لە کۆتایدا دەگەینە ئەو تێگەیشتنەی کە مرۆڤ ناتوانێ بەرهەڵستکاری لە فشاری دەروونی بگرێ و لە گەڵی بەردەوام بێ .

ئەمەیە ئەرکی سەر شان و پەیامی هونەر کە لە ماوەیەکی زۆر کەمدا کۆمەڵێ پرسیارو مانای قوڵ بوروژێنیت و جارێکی تر ناخی مرۆڤایەتی بهەژێنیت بۆ بیرکردنەوە لە ژیان و ئاشتی و خۆشەویستی و پێچەوانەکەشی شەرو کوشتن کە چەندە ئاکارێکی خراپی هەیە لەسەر دەروونی مرۆڤەکان .

فیلمی یەک لە سەدی چرکە مەبەست لەو چرکەیەی کامێرایە کە لە کەمترین کاتدا دەتوانێ دڵتەزێنترین دیمەن تۆمار بکات، یان بە پێچەوانەوە، .
سەرچاوەکان بە سوپاسەوە
١- فیلمی یەک لە سەدی چرکە
٢- کۆمەڵێ سەرچاوە لە ویکیپیدیا و گووگڵ
٣- خوێندنەوەی بابەت وسەرچاوە لەسەر کورتە فیلم....

# ژان لوک گۆدار: خەڵاتی ئۆسکار هیچ گرنگییەکی بۆ من نییە

PNA – "ژان لوک گۆدار" دەرهێنەری ناوداری فەرەنسی لە وتوێژێکدا لەبارەی خەڵاتی ئۆسکاری شانازی گوتی: "خەڵاتی ئۆسکار هیچ گرنگییەکی بۆ من نییە"، ئەوەش لە کاتێکدایە کە ڕێوڕەسمی پێشکەش کردنی خەڵاتی شانازی ئۆسکار بە بێ ئامادەبوونی ئەو دەرهێنەرە بەڕێوەچوو.
بە گوێرەی هەواڵی "هۆلیوود ریپۆرتەر"، "گۆدار" لە سەرەتاوە بەنیازی بەشداریکردن لە ڕێوڕەسمی ئۆسکار و وەرگرتنی خەڵاتی ئۆسکار شانازی نەبوو. ئەوەش لە کاتێکدایە کە ئەکادیمیای ئۆسکار رۆژی (13)ی نۆڤێمبەر لە دووەمین ڕێوڕەسمی سالانەی خەڵاتەکانی دەستەی بەڕێوەبەرایەتی ئەو ئەکادیمیایە لە هۆلیوود، ڕێز و سوپاسی خۆی ئاراستەی چوار کەسایەتی بە توانای سینەما لەوانەش "ژان لوک گۆدار" و "فرانسیس فۆرد کاپۆلا" کرد.
گۆدار" چەند رۆژ بەرلە بەڕێوەچوونی ئەو ڕێوڕەسمە لە وتوێژێکدا لەگەڵ ماڵپەڕی "nnz.com" لەوبارەوە رایگەیاند: "من ڤیزەی ئەمەریکام نییە و پێم خۆشە نییە ڤیزەی ئەو وڵاتەشم هەبێت، هەروەها نامەوێت بۆ ماوەیەکی زۆر لە ناو فرۆکە بم".
ئەو سینەماکارە لە وەڵامی ئەو پرسیارە کە خەڵاتی ئۆسکار چ گرنگییەکی بۆ هەیە، گوتی: "ئەو خەڵاتە هیچ گرنگییەکی بۆ من نییە، ئەگەر ئەکادیمیا پێی خۆشە ئەو خەڵاتە پێشکەش بە من بکات، ڕێگە بدەن ئەو کارە ئەنجام بدات".
دەرهێنەری تەمەن (79) ساڵە فەرەنسی لە درێژەی قسەکانیدا رایگەیاند: "ئەو پرسیارەم ئاراستەی خۆم کردووە کە ئەوان چ فیلمێکیان لە من بینیوە؟ بە راستی ئاشنابیان لەگەڵ بەرهەمەکانی من هەیە، ناوی ئەو خەڵاتە بریتییە لە خەڵاتی دەستەی بەڕێوەبەرایەتی، واتە بڕیارە ئارنۆلد شوارتزینێگر ئەو خەڵاتە پێشکەش بە من بکات".
ئۆسکاری شانازی "گۆدار" بڕیار وایە لە وڵاتی سویسرا پێشکەش بەو دەرهێنەرە بکرێت. "گۆدار" لە کەسایەتییەکانی ناوداری شەپۆلی نوێی سینەمای فەرەنسا و بە یەکێک لە دامەزرێنەرانی ئەو شەپۆلە لە سینەمای فەرەنسا دێتە هەژمار.





# خەڵاتی شانازی ئۆسکار پێشکەش بە فرانسیس فۆرد کاپۆلا کرا

PNA – ئەکادیمیای ئۆسکار لە دووەمین ڕێوڕەسمی ساڵانەی خەڵاتەکانی دەستەی بەڕێوەبەرایەتی ئەو ئەکادیمیایە، ڕێوڕەسمی ڕێزگرتنی لە چوار کەسایەتی ناوداری سینەمای بەڕێوەبرد.
بە گوێرەی هەواڵی "هۆلیوود ریپۆرتەر"، ئەمرۆ ڕێوڕەسمی ڕێزگرتن لە هونەرمەندان "فرانسیس فۆرد کاپۆلا"، "ژان لوک گۆدار"، "کەیڤین براونلۆ" و "ئیلای والاک" لە کاتێکدا لە ناوەندی "هۆلیوود ئەند هایلەند" بەڕێوەچوو کە "ژان لوک گۆدار" بەشداری لەو ڕێوڕسمە نەکردبوو.
"تۆم شرێک" بەرپرسی ئەکادیمیای ئۆسکار سەرەڕای ئاماژە پێدان بەو بابەتە کە "گۆدار" دەرهێنەری ناوداری فەرەنسی نەیتوانیوە بەشداری لەو ڕێوڕەسمە بکات، رایگەیاند: "زۆر پێمان ناخۆشە کە ئەو دەرهێنەر نەیتوانیوە بەشدار بێت، بەڵام بەشداری نەکردنی ئەو لەو ڕێوڕەسمە، بە هیچ شێوەیەک نابێتە هۆی کەمبوونەوەی ڕێزی ئەو لە لایەن ئێمە و ئێمە سورین لە سەر ئەو بابەتە کە ئەو خەڵاتە بۆ ئەو گرنگییەکی زۆری هەیە".
"فرانسیس فۆرد کاپۆلا" سینەماکاری ناوداری ئەمەریکی و براوەی پێنج خەڵاتی ئۆسکار، لەو ڕێوڕەسمە خەڵاتی ڕێزگرتن لە "ئێروینگ جی تالبێرگ"ی پێبەخشرا. ئەو سینەماکارە بە (38)هەمین وەرگری ئەو خەڵاتە دێتە هەژمار.
لە ساڵانی رابردوو، ئەو خەڵاتە هاوکات لەگەڵ ڕێوڕەسمی ئۆسکار پێشکەش دەکران. بەڵام ئەوە دووەمین ساڵە کە ئەو خەڵاتە بەرلە بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی ئۆسکار پێشکەش بە براوەکان دەکرێت.

ژمارە (١٠) دیسەمبەر ٢٠١٠
cinemakurdika@yahoo.com

# سیناریۆی : بۆچی قژت تاشی ؟

## نووسینی : رزگار باهیر

بەشی سێیەم و کۆتایی

خاوەنی گارگەو منداڵە چلورە فرۆشەکان دەست دەکەن بە پێکەنین ......
37 .. دەزگای پۆلیسە .. ناوەوەیە .. رۆژە .
هەمان جێگەی دیمەنی (35) سی و پێنچە .
ملازم /
تێگەیشتم ... تێگەیشتم .
لەم کاتەدا لە دەرگای ژوور دەدرێ پۆلیسێک دێتە ژورێ و( تەحیە) دەکات .
پۆلیس /
گەورەم منداڵەکەمان هێناوە
لەگەڵ باوکیا .
ملازم /
بابێتە ژووری .
سەرکۆ لەگەڵ باوکیا دێتە ژووری . کوردەش یەکسەر هاواری لێبەرز دەبێتەوە .
کوردە /
ئا ئەم کوڕە تەلەفۆنەکەی
دامێ .
ملازم /
دەزانین کوردە .. دەزانین،
نازانم پۆلیسەکەی ناردبوومان
بەدواتا ئاگاداری کردوون بۆچی
هاتوون ؟
باوک /
بەڵێ قوربان بۆشی باسکردم ..
گوایە لەسەر مەسەلەی مۆبێل
تەلەفۆنێکە .
لەم کاتەدا لێکۆڵەرەوەی کۆمەڵایەتی دەستدەکات بە بەشداری و گفتووگۆ کردن .
لێکۆڵەرەوە /
ئەوەی ئێمە دەمانەوێ بە ئێوەی
بڵێین زیاتر ئاگاداری منداڵەکانتان
بن . هەروەها خاڵێکی گرنگتر ئەوەیە
کە دەبێت کاتێک مرۆڤ شتێکی دۆزییەوە
بیگەڕێنێتەوە بۆ خاوەنەکەی خۆی . نەک
بە پێچەوانەوە .
لەبەرئەوەی هەموو شتێک خاوەنی هەیە .
باوک /
راست دەفەرمووی .
لێکۆڵەرەوە /
هەموو مرۆڤێک هەڵە دەکات، بەڵام
گرنگ ئەوەیە کاتێک زانیت ئەوشتە
هەڵەیە دووبارەی نەکەیتەوە .
وایە سەرکۆ ....
سەرکۆ سەری دانەواندوەو زۆر شەرم دەکات ...............
سەرکۆ /
بەڵێ ... وایە .
لێکۆڵەرەوە /
بەهیوام لە ئێستاوە دەچنە دەرەوە
نموونە ی چاکی و جوانی وپاکیبن
بۆ کۆمەڵگا .

38 .. کۆڵانە .. دەرەوەیە .. رۆژە .
کوردە زۆر بە ئازادی هاواری فرۆشتنی چلورە دەکات .....
کوردە /
چلورەیە .. چلورە ...
پاشان کوڕێکی گەورە داوای چلورەی لێدەکات دانەیەکی لە تەرمۆزەکەی بۆ دەردەهێنێ .
کوردە دەست بەهاوار کردن دەکاتەوە، بەدەم هاوارو هەنگاو نانەوە لە چەند کۆڵانێکی
جیاوازدا چاوی دەچێتە سەر چەند وێنەیەکی منداڵانەی زۆر جوان لەگەڵ چەند نووسراوێک کە لەسەر دیواری قوتابخانەیەک نووسراون .
نووسراوەکان سەبارەت بەبەندەکانی ماڤی منداڵانن، هەربۆیە کوردە دەست دەکات بە خوێندنەوەیان تا ئەو کاتەی بەندێکیان لەبەرخۆیەوە بە دەنگەوە دەخوێنێتەوە .
کوردە /
دەبێت دەوڵەت مافی ژیان ومانەوەو
هەروەها گەشەکردنی منداڵ مسۆگەر
بکا . هەروەها ئەرکی حکومەت ئەوەیە
کە منداڵ بپارێزن لە توندوتیژی و هەموو
جۆرە جیاوازیەک بەهۆی رەنگ و رەگەزو
زمان و ئاین و بیروڕاو پلەو پایەی
کۆمەڵایەتی .
پاشان کوردە بزەیەک دەیگرێ و دەست دەکاتەوە بە هاوار کردنی چلورەو هەنگاو دەنێت .
39 .. بازاڕە .. دەرەوەیە .. رۆژە .
ناو بازاڕە، عەرەبانەیەکی بارلێنانی یەک ئەسپی دەبینین بە ئەسپەکەیەوە، خاوەنەکەی خەریکی فەردە بارکردنە لێی، دیارە پێشترئەو هەموو فەردانەی کردۆتە ناو عەرەبانەکەوە . هەروەها حاجی ئەحمەدی بەقاڵی تەمەن (65) ساڵ لە مەخزەنەکەی
دێتە دەرەوەو لەگەڵ عەرەبانچی گفتووگۆ دەکات .
ئەحمەد /
خاڵە گیان بۆیە پیکابم نەهێنا بۆ
ئەوەی پارەی حەماڵییەکەش بۆ
تۆ بێت ...لەبەرئەوە تۆش ئاگاداری
فەردەکانم بە لە داگرتنیا .
عەرەبانچی /
بەسەرچاو کاک حاجی .....
لەم کاتەدا کوردەی چلورە فرۆش دێتە نێو کادرەوە .. پاشان کامێرا دەچێتە سەر عەرەبانچی و سواری عەرەبانەکەی دەبێت و قایشی لغاوی ئەسپەکە رادەوەشێنێ
بۆ ئەوەی ئەسپەکە دەست بەڕۆیشتن بکات بەڵام ئەسپەکە ناجوڵێت ..عەرەبانچی
قامچییەک لەسەر جێی دانیشتنەکەی هەڵدەگرێ و دەست دەکات بەلێدانی ئەسپەکە،
بەڵام ئەسپەکە ناڕوات . ئەم ڕوداوە سەرنجی کوردە ڕادەکێشێ .
عەرەبانچی لەعەرەبانەکەی دادەبەزێ بەدەست دەدات بەئەسپەکەدا بەڵام ئەسپەکە هەر
ناجوڵێت .. عەرەبانچی دەچێتە پێشەوەو قایشی ئەسپەکە ڕادەکێشێ بەڵام بێ سوودە
ئەسپەکە هەر لەجێی خۆیەتی و ناجوڵێت .
کوردە لەم کاتەدا بەتەواوی نزیکەو ئاگادارە عەرەبانچی چەند بە توندو تیژی لەگەڵ
ئەسپەکەی هەڵسوکەوتدەکات، هەربۆیە کوردە زۆرتر نزیک دەبێتەوە لە ئەسپ و
عەرەبانچی .
کوردە /
خاڵە گوناحە بۆ وا لەو ئەسپە
دەکەی ؟
عەرەبانچی /
برۆ هەتیو لەم ناوە نەتبینم..دەی .
حاجی ئەحمەدیش دێت بۆ یارمەتی عەرەبانچی،ب ەهەردووکیان بەدەست وقامچی دەکەونە لاشە ی ئەسپەکە .. بەڵام ئەسپەکە لەجێی خۆیەتی و ناڕواو مرە مرێتی .
ئەحمەد /
خاڵۆ گیان زۆرت لێبار
کردووە.
عەرەبانچی /
حاجی ئەمە ئەسپە ئەسپ،
گوێی
لەبار نییە .
ئەحمەد /
خاڵۆ هەنێ لەبارەکەی داگرە
بۆ
وەجبەی دووهەم .
عەرەبانچی /
تۆبڵێی ئاوتان لابێت رەنگە تینووی
بێت .
ئەحمەد /
بەڵێ لامانە لەژوورێیە، بەڵام
گرنگ ئەوەیە شتێکت پێبێت
تێیکەیت بۆی .
عەرەبانچی /
خۆم سەتڵم پێیە ئەوەتا لەژێر
عەرەبانەکەدایە .
عەرەبانچی لەژێر عەرەبانەکەی سەتڵێکی کەمێک قوڵ و دەمپان دەردەهێنێ و لەگەڵ حاجی
ئەحمەد بەرەو ژوورەوە دەچن .
کوردەش ئەمە بەفرسەت دەزانێ و یەکسەر بەرەو لای ئەسپەکە دەکشێ زۆر بەخۆشەویستیەوە دەست بەیاڵ و
سەرو دەموچاویا دێنێ و ماچی دەکات، پاشان دەم بەگوێکانی ئەسپەکەوە دەنێت وەک ئەوەی بۆی بدوێ . ئەسپەکە کەمێک سەر
ڕادەوەشێنێ،کوردە زۆر بەسۆزەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکات تا دەگاتە ئەوەی قایشی
لغاوەکەی دەگرێ وپێش ئەسپەکە دەکەوێت .
ئەسپەکەو کوردە پێکەوە دەست بەهەنگاو نان دەکەن .. تایەی عەرەبانەکە دەکەوێتە خول خواردن . لەم کاتەدا عەرەبانچی و حاجی ئەحمەد بەپەلە بە سەتڵێ ئاوەوە دەردەکەون،
عەرەبانچی بەپەلە ئاوەکە دەڕژێ و بەرەو عەرەبانەکە دەچێت ماچی کوردە دەکات و
باوەشی پێدا دەکا و سواری عەرەبانەکەی دەکات و خۆشی بەسەتڵەکەوە سەر دەکەوێت و
لەتەنیشتی دادەنیشێ هەردووکیان زۆر دڵیان خۆشە، ئەسپەکە بەردەوامە لەسەر ڕۆیشتن، کوردە هاواردەکات .
کوردە /
چلورەیە .....چلورە
فێنکی دڵ وگیانە چلورە .



# فیلمی یەک مۆمک دوو مۆمک، پەیامێکی کۆمەڵایەتی لە شاشەی سینەماوە

**ئاکرێ- تایبەت بەسینەما کوردیکا**

لە ئێستادا شارۆچکەی ئاکرێ ستافێکی سینەمایی گەورەی گرتۆتە باوەشی خۆی چونکە دەزانێت لێرەوە پەیامێک بۆ جیهان هەیە کە ئەو ستافە دەیانەوێت وەک زەنگێک بۆ جیهانی لێبدەن، فیلمی سینامایی یەک مۆمک دوو مۆمک، کە بەرهەمی وەزارەتی رۆشنبیری حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەڕێوەبەرایەتی سینەمای هەولێرە فیلمێکە کە گوزارشتێکی کۆمەڵایەتی هەیەو ژمارەک لە ئەکتەرانی پارچەکانی کوردستان بە هاوبەشی کاری تێدا دەکەن، ئێستاکە لە شاری ئاکرێ لە دوا قۆناغەکانی وێنەگرتنیدایە و بەمەبەستی خستنە رووی چەند لایەنێکی کارو بە ئەنجامگەیاندنی ئەو فیلمە سینەماییە ئەم راپۆرتامان ئەنجامدا.

دەرهێنانی فیلمێکی سینەمایی لە ئاکرێ

سیناریست و دەرهێنەری فیلمی ناوبراو هونەرمەند جانۆ رۆژبەیانییەو ئەویش لەوبارەیەوە گوتی: "بیرۆکەی ئەو فیلمە هی خۆمە و سینارۆیکەیش لەو چوارچێوەیە دەنووسم بۆیەش ئەو جارەیان بڕیارمدا فیلمەکە لەسەر کێشەیەکی کۆمەڵایەتی بێت، لەبەرئەوەی تائێستا زۆربەی فیلمە کوردییەکان، لەسەر سیاسەت و جینۆساید و ئەنفال بوونە، بۆیە پێم باشبوو ئەمجارە دوور بێت لە سیاسەت و کارەساتەکان، هەروەها ویستم کوردستانێکی دیکە یان شارستانییەتیک نیشان بدەم، بۆیە هیچ شتێکی کلتووریم نیشان نەداوە، ئەوەش پێویستە نیشان بدرێت، کە ئێمە لە شار دەژین و شارستانیمان هەیە، بەڵام کێشەی کۆمەڵایەتیمان هەیەو و زۆر شتی نێگەتیڤ هەیە بەتایبەتی لەبارەی ئافرەتیشەوە".

لەبارەی دەستنیشانکردنی ئەکتەرەکانەوە رۆژبەیانی گوتی:"39 ئەکتەرمان بەکار هێناوە و هەندێکیان سەدا سەد بەدڵی خۆمان بوونە و هەندێکیان سەدا پەنجا ئەکتەرەکان ئەوانەی سەرەکین بە وریاییەوە دەستنیشانمان کردوون، بەڵام ئەکتەری پلە دوو بەشێکی بەدڵی خۆمان بووە، ئەکتەرە ئاساییەکانیش زۆر بە سادەیی وەرگیراون"

دیارە دیمەنەکانی ئەو فیلمە لە شارۆچکەی ئاکرێ وێنەی دەگیرێت لەوبارەیەوە دەهێنەری فیلمەکە گوتی:"ئاکێ هیچ پەیوەندییەکی نییە بەچیرۆکی فیلمەکەوە، بەڵام ئاکرێ پانۆرامای جوانی هەیە، شارێکیشە لە رووی کۆمەڵایەتی و ئایینییەوە زۆر داخراوە، هەروەها ویستمان شارێکی زۆر رەسەنی کوردەواریش هەڵبژێرین".

بەرهەمێکی سینەمایی و ماندوو بوونێکی زۆر

لەبارەی بەرهەمهێنانی ئەو فیلمەوە هونەرمەند ئەنوەر شێخانی بەڕێوەبەری بەرهەم گوتی:"ئەو بەرهەمە سیناریۆو دەرهێنانی جانۆ رۆژەبیانییەو بەرهەمی بەڕێوەبەرایەتی سینامی هەولێرە، ساڵی پار رەزامەندی لەسەر بەرهەمهێنانی دەرچوو، ماوەی سێ مانگە خەریکی ئامادەکارین، لە 11/6 دەستمان کردووە بە کاری وێنەگرتن".

لەبارەی پەیامی کۆمەڵایەتی ئەو فیلمە بەڕێوەبەری بەرهەم دەڵێت:" تا ئێستاکە ژمارەیەک فیلمی جۆراوجۆرمان هەیە، بەڵام پێویستمان بە فیلمی کۆمەڵایەتیش هەیە، چونکە ئەو حاڵەتانەی کە لە جیهان بەرەو نەمان دەچێت، کەچی لە کوردستان ئێستا بوونی هەیە، بۆیەش پێویستمان بە پەیامێکی هونەری هەیە، ئێمە لەم فیلمەدا ژمارەیەک گەنجی بەتوانا کاری تێدا دەکەن کە ئەوپەڕلای ماندوو بوون دەکێشن بۆ سەرخستنی ئەو بەرهەمە، لە هەمان کاتێدا ئەو فیلمە ئەکتەرانی هەموو پارچەکانی کوردستانی تێدایە و بە زاراوەی کرمانجییە، هیوادارین ئەو بەرهەمە لە ئاستی خواستی ئەوانەدابێت کە بەخۆشەویستییەوە چاوەڕوانی دەکەن".

سینەما لە چاوی کامیراوە سەرچاوە دەگرێت

بەهۆی گرنگی وێنە لە سینەمادا، بەپێویستمانزانی رای حەمید قەوامی وێنەگری فیلمەکەش بزانین، لەوبارەیەوە قەوامی گوتی:"من ماوەیەک لەمەوبەر لەگەڵ بەهمەنی قوبادیدا بەشداربووم لە بەرهەمێکی سینەماییدا، دیارە بەهۆی ئەو ئاشنایەتییەی کە لەگەڵ جانۆ رۆژ بەیانیشدا هەمبوو پێی باشبوو من کاری وێنەگرتنی بۆبکەم، منیش بە خۆشحاڵییەوە قبوڵمکرد، زۆریش خۆشحاڵترم کە ستافەکە لەهەموو پارچەکانی کوردستان و ئەوروپاشەوە بەشداریان تێداکردو ئەزموونێکی تازەبوو بۆمن، هیوادارم بەرهەمێکی سەرکەوتووبێت".

میکیاژکار و ئەکتەرێک لە فیلمێکی سینەماییدا

دەوەن نەوزاد کە لە یەک کاتدا هەم میکیاژکارە و هەمیش ئەکتەرێکی سەرەکیی فیلمی یەک مۆمک دوو مۆمکە، دەڵێت :" دیارە ئەوانەی کە ئەشقی سینەمان ئەوانەی کە لە هونەری سینەما کاردەکەن بە عەشقەوە هەوڵی بۆدەدەن، منیش لەکاتی بەرهەمی سینەماییدا چەندینجار نەخۆش کەوتووم، بەڵام لەپێناو ئەوەی کە کاری خۆم جێبەجێبکەم خۆم هیلاکتر کردووە، لەو فیلمەشدا کە رۆڵی نارین دەبینم و یەکێکە لە ئەکتەرە سەرەکییەکان، لە ڕێگەی ئەو رۆژنامەیە سوپاسی دەرهێنەر دەکەم کە وەک دەرهێنەرێکی پرۆفیشناڵ کاری لەگەڵ هەموو ئەکتەرەکان دەکرد، ئەوەش وایکرد کە لە دەرهێنەرانی دیکەی جیا بکاتەوە".

لەبارەی میکیاژیشەوە دەوەن دەڵێت:"لە فیلمێکی سینەماییدا چەند کامیرا گرنگە، چەندە رووناکی و مونتاژ گرنگن، ئەوەندەش میکیاژ گرنگە، لەکاتێکدا ئێمە ئەزموونێکی زۆرمان نییە، بەڵام بە عەشقی خۆم فێری بوومە، ئەوەش وایکردووە کە لە چەند فیلمێکی دیکەی سینەمایی کاربکەم و زۆریش کارم بۆکردووەو، بەڵام هێشتاکە من قوتابیم لەو نێوانەدا، و هەوڵ دەدەم وەک هونەرمەندێکی لاو خۆم بچەسپێنم و رەنگە وەک پێویست بووم بۆ داواکارییەکانی دەرهێنەر لەبارەی میکیاژەوە".

دەنگ و کێشەکانی دەنگ بۆ بەرهەمێکی سینەمایی

یادگار دەنگ هەڵگری فیلمەکەیە و خۆی باسی ئەوە دەکات کە ئەوە دووەم ئەزموونییەتی لەبارەی دەنگ هەڵگرتن بۆ فیلمێکی سینەمایی، بەڵام پێشتریش بۆماوەی 16 ساڵ کاری دەنگی کردووە، لە کاتێکدا کە دەنگ هێندە گرنگە لە سینەمادا بۆیەش کێشەی زۆری هەیە، چونکە دەزگای دەنگی زۆر پێشکەوتوومان نییە، هەروەها کەسی ئەکادیمیمان کەمە، بەپێی ئەو تەکنیکەی لەبەردەستە کێشەمان نییە لەگەڵ خۆم و لەگەڵ ئەو تەکنیکەی هەیە، بەڵام لەناکاوێک دەنگی دیکە دێنە ناو فیلمەکەوە، چونکە لۆکەیشنی فیلمەکان گشتی لەناو شاری ئاکرێدایە کە شارێکی بچووکە و دەنگێکی زۆری تێدایە.

هاوکاری دەرهێنەران و ئێکسسوارات و راکۆر و پەیداکردنی لۆکەیشن

رۆڵان ژادان لە یەک کاتدا هاوکاری دەرهێنەرە و ئێکسسوارات و راکوریش دەکات و هەڵدەستێت بە پەیداکردنی لۆکەیشتن بۆ فیلمەکە ئەویش بەهۆی ئەوەی وەک باسی دەکات ستافی فیلمەکە ژمارەیان کەمە، لەبارەی فیلمەکەیشەوە پێیوایە کە ئەو فیلمە هەنگاوێکی باشە بۆ نیشاندانی ئەو حاڵەتە کۆمەڵایەتییەی لە کوردستاندا هەیە.

رەوشی دەرهێنانی فیلمێکی سینەمایی

بیلال شاکر یاریدەدەری دەرهێنەر باسی ئەوە دەکات کە لە هەرێمی کوردستان کاری سینەمایی کێشەی زۆری هەیە ئەویش بەهۆی نەبوونی ستافی پرۆفیشناڵ و لەبەر نەبوونی هەندێک توانا، وەک بەرهەم هێنانی فیلمێک لە دەرەوە نابێت، هەروەک دەڵێت:"هیوادارم هەر کەسێک ئەگەر خۆی بە تایبەتمەندی یەکێک لە بەشەکان نەزانێت باشترە کارەکەی نەکات، یان هەوڵ بدەین بۆ هەموو بەشێک کەسی پرۆفیشناڵی ئەو بەشە هەڵبژێرین بێگومان کێشەکان کەمتر دەبن و کوالێتی فیلمەکە بەرزتر دەبێت، لەم فیلمەدا کێشەمان زۆربووە، بەڵام هیوادارم کە بەرهەمێکی سەرکەوتوو بێت".



adnanfilm@yahoo.com
dr_mohsen_omar@yahoo.com

Journal cinemathographique Kurde, Publie Par:
Dr. Mohsen A.Omer, Adnan O. Ali

KURDISTAN HAWLER

CINEMA KURDICA 10

cinemakurdika@yahoo.com


# فیلمێک سەبارەت بە کیمیابارانکردنی سەردەشت خەڵاتی فیستیڤاڵی سینەما حەقیقەتی بەدەستهێنا

PNA- کورتە فیلمی دیکۆمێنتی "جنایت در سکوت" واتە "تاوان لە بێدەنگیدا" لە دەرهێنانی سینەماکاری کورد بێهرووز نوورانی پوور کە سەبارەت بە کیمیابارانکردنی شاری سەردەشتە، لە بەشی پێشبڕکێی "سینەمای نەتەوەیی" لە چوارەمین خولی فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمی دیکۆمێنتی ئێران " نمایشکرا و توانی خەڵاتی باشترین فیلمی بەشی دیکۆمێنتی "بەرگری، خەبات و خۆڕاگری" بەدەستبێنێت و لە لایەن بەرپرسانی فیستیڤاڵەوە تابلۆی فەخری، تەندیسی فیرووزەیی فیستیڤاڵ و هەروەها خەڵاتی نەقدی بڕی پارەی 5 هەزار دولاری پێبەخشرا.

کورتە فیلمی دیکۆمێنتی "تاوان لە بێدەنگیدا" کە سەبارەت بە بۆردوومانی کیمیایی رژێمی سەدام لە شاری سەردەشتە،



# رۆڵگێرانی بیل کلینتۆن لە فیلمێکی سینەمایی



PNA – "بیل کلینتۆن" سەرۆکی پێشووی ئەمەریکا، لە بەشی دووەمی فیلمی کۆمیدیای "Hangover" رۆڵی خۆی دەگێرێت.

بە گوێرەی هەواڵی "هۆلیوود ریپۆرتەر"، "بیل کلینتۆن" سەرۆکی پێشووی ئەمەریکا لە بەشی دووەمی ئەو فیلمە رۆڵێکی کورت دەگێرێت.

"تاد فیلیپس" دەرهێنەری بەشی یەکەمی ئەو فیلمە رایگەیاندووە، کاری وێنەگرتن بۆ بەشی دووەمی ئەو فیلمە لە وڵاتی تایلەند بەڕێوە دەچێت. کاری وێنەگرتن بۆ ئەو فیلمە ماوەیەک لەمەوبەر دەستی پێکردووە.

لە بەرامبەردا سەرۆکی پێشووی ئەمەریکا کە لە پێناو بەشداری لە سیمینارێک سەردانی تایلەندی کردبوو، دوای ئامادەبوونی لە شوێنی وێنەگرتنی ئەو فیلمە، لە گرتەیەک لەو فیلمە رۆڵی گێراوە.

ئەستێرەکانی بەشی یەکەمی ئەو فیلمە "برادلی کوپێر"، "ئێد هۆلمز"، "زاگ گالیفیناکیس" و "جاستین بارتا" لە بەشی دووەمی ئەو فیلمەش رۆڵ دەگێرێن. سەرەتا بڕیار وابوو، "میل گیبسۆن"یش رۆڵێکی کورت لە بەشی دووەمی ئەو فیلمە بگێرێت، بەڵام ئو بابەتە جێبەجێ نەبوو و بڕیار وایە، "لیام نیسۆن" بەشداری لەو پرۆژەیە بکات.

بەشی یەکەمی "Hangover" لەساڵی (2009) لە ئاستی جیهانی نمایش کرا و پێشوازییەکی بەرچاوی لێکرا. ئەو فیلمە بە گشتی داهاتێکی (467) ملیۆن دۆلاری بەدەست هێنا. ئەو فیلمە بەسەرهاتی گەشتی چوار هاوڕێ بۆ لاسڤێگاس دەگێرێتەوە.

# کورد لە کۆی 8 خەڵات 5 خەڵاتی لە بەغدا وەرگرت



لە یەکەم فێستڤالی سینەمای نێو دەوڵەتی عێراق و دراوسێکانی لە بەغدا، کە لە ماوەی نێوان 4 بۆ 8 ی دیسەمبەری 2010 بە بەشداری کۆمەڵێک وڵات، لە کۆی هەشت خەڵاتی فێستیڤال، فیلمی کوردی پێنج خەڵاتی بەرکەوت:

-1خەڵاتی باشترین ئەکتەر بۆ عومەر چاوشین لە فیلمی سرتە لەگەڵ با.

-2خەڵاتی باشترین دەرهێنەر بۆ شەوکەت ئەمین لە فیلمی شوێنێک بۆ یاری.

-3خەڵاتی یەکەم باشترین فیلم بۆ شوێنێک بۆ یاری دەرهێنانی شەوکەت ئەمین.

-4خەڵاتی سێیەم باشترین فیلم بۆ گەرەکی داهۆڵەکان دەرهێنانی حەسەن عەلی.

-5خەڵاتی باشترین وێنەگرتن بۆ تورەج ئەسڵانی لە فیلمی سرتە لەگەڵ با دەرهێنانی شەهرام عەلیدی.

# کاندیدەکانی ئۆسکاری باشترین دۆکیۆمێنت دەستنیشان کران



PNA – ناونیشانی (15) فیلمی دۆکیۆمێنتی وەکو کاندیدەکانی بەشی ئۆسکاری باشترین دۆکیۆمێنت، لە لایەن ئەکادیمیای ئۆسکار بڵاو کرایەوە.

بە گوێرەی هەواڵی "واریتی"، ناونیشانی (15) فیلم لەوانەش "لە چاوەروانی سوپەرمەن"، "رێستێرپو" و "چیرۆکی تیلمەن" وەکو کاندیدەکانی بەشی باشترین دۆکیۆمێنت لە هەشتا و سێیەمین خولی رێورەسمی خەڵاتەکانی ئۆسکار لە لایەن ئەکادیمیای ئۆسکار دەستنیشان کران.

لە فیلمەکانی دیکەی ئەو لیستە دەتوانین ئاماژە بە "دزی ناوخۆیی"، "پەیدابوون و لەناوچوونی ئێلیۆت سپیتزێر"، "دوژمنانی خەڵک"، "دەرچوون لە نێوان فرۆشگا"، "گاسلەند"، "ژیانی تایبەتی گلێن گێلد"، "ژیانی گرانبەها"، "گەڕان بە دوای شانازی"، "ئەو شێوە ژیانە" و "ویلیام کانێستلێر" بدەین.

فیلمیدۆکیۆمێنتی "مـــــــەنـــــدالان" بەرهەمی فەرەنسا کە چاوەروان دەکرا لەو لیستە ئاماژەی پێبدرێت، بۆ ئەو رێورەسمە کاندید نەکراوە. ئەو فیلمە لە رێگای داهاتێکی (7) ملیۆن دۆلاری لە سینەماکانی ئەمەریکا وەکو یەکێک لە سەرکەوتووترین دۆکیۆمێنتەکانی ساڵ ئاماژەی پێدەدرێت.

لە کۆتاییدا لە نێوان (15) فیلمی بەشداربوو لەو لیستە، پێنج فیلم دەگەنە قوناغی کۆتایی و ناونیشانی ئەو (5) دۆکیۆمێنتەش، رۆژی (25)ی کانوونی دووەم لە لایەن ئەکادیمیای ئۆسکار بڵاو دەکرێتەوە.


رێورەسمی هەشتا و سێیەمین خولی خەڵاتەکانی ئۆسکار رۆژی (27)ی شوبات لە کۆداک تیەتری لۆس ئەنجلێس بەرێوە دەچێت.

ساڵی رابردوو، دۆکیۆمێنتی "کەنداوی بچوک" لە دەرهێنانی "لۆیی سیهوبا" وەکو براوەی خەڵاتی ئۆسکار باشتری فیلمی دۆکیۆمێنتی دەستنیشان کرابوو.

# فیلمۆگرافیای کوردی بەرگی دووەم

ئەبوبەکر کاروانی ئامادەکاری بەرگی یەکەمی کتێبی فیلمۆگرافیای کوردی، فیلمسازان ئاگادار دەکاتەوە کە بە نیازە بەرگی دووەمی ئەم کتێبە بە چاپ بگەیەنێ،جا هەر فیلمسازێک دەیەوێت بە زانیارییەکانی لە و پرۆژەیەدا بەشدار بێت دەتوانێت پەیوەندی بکات بە ژمارە تەلەفۆنی07701473466 یان ئیمێلی karwani59@yahoo.com

# فیستیڤاڵێک بە ناوی چارلی چاپلین دادەمەزرێت



PNA – "جولین رۆنت" نەوەی "چارلی چاپلین" ئەستێرەی کۆچکردووی سینەمای ئەمەریکا، فیستیڤاڵێکی کورتە فیلمی کۆمیدیا بە ناوینشانی "فیستیڤاڵی کورتە فیلمی چارلی چاپلین" لە ئیرلەندا دادەمەزرێنێت.

بە گوێرەی هەواڵی ماڵپەڕی "فارس نیوز" لە سەر زاری "ئاریش تایمز"، ئەو فیستیڤاڵە بە ناونیشانی "چارلی چاپلین" بڕیار وایە بە شێوەی ساڵانە بەڕێوە بچێت، تیایدا ژمارەیەک کورتە فیلمی کۆمیدیا کێبڕکێ دەکەن.

ئەو فیستیڤاڵە لەمەودوا بڕیار وایە، ساڵانە لە مانگی ئاگۆست بەڕێوە بچێت و براوەکانی ئەو فیستیڤاڵەش خەڵاتێک بە ناونیشانی "چارلی" یان پێدەبەخشرێت.

"جۆلین رۆنت" نەوەی "چارلی چاپلین" لە فەرەنسا و ئیرلەندا ژیاوە و ئێستا بە کاری وێنەگری سەرقاڵە.

"ئالبێرت والش" بەرپرسی فیستیڤاڵی کورتە فیلکی کۆمیدیای چارلی چاپلین لەوبارەوە گوتویەتی: "لە خولی یەکەمی ئەو فیستیڤاڵە، چەندین بەرهەمی جوان و بەهێز نمایش دەکەین و هەندێک پرۆگرامی دیکەی پەیوەندیدار بەو فیستیڤاڵە بەڕێوە دەبەین".

# وێب سینەما

Web cinema

http://www.filmland.com

ئەم شوێنە بە ماڵپەڕێکی سەرەکی دەژمێردرێت بۆ هەموو سەرچاوەکانی فیلمسازی،لێردا لیستێکی فراوان بە دام و دەزگا کانی تایبەت بەسینەما و ستۆدیۆ و کۆمپانایاکانی دابەشکردن و فیستیڤاڵەکان خراوەتە بەر دەستی خوێنەر.

http://www.afionline.org

رێکخراوی ئەمەریکی بۆ فیلم بە نیازی پارێزگاریکردن لە هونەری فیلم و کولتوری وێنەی بزوێنەر ئەم ماڵپەڕەی دروستکردووە.

http://www.teleport.com/~cdeemer/scrwriter.html

لەم ماڵەپەڕە گرینگتر و بەسود تر نییە بۆ ئەو کەسانەی کە تازە دەستیان بە نووسینی سیناریۆ کردووە،کەچی بە ماڵپەڕێکی کلاسیکی هەژمار دەکرێت بەڵام پڕ سود و زانیاری.

http://www.wordplayer.com/welcome.html

ئەم شوێن بە ما□لپەڕەی سینەمای هۆلیوود خۆی پێناسە کردووە و پڕیەتی لە بابەت و نووسینی بەسوود لەسەر سینەما.

http://www.catharton.com

ئەم ماڵپەڕە تایەبتمەندە بە بەهرەمەندانی بواری سینەما،لەو رێگایەوە دەتوانن سود مەند بن بە لێکۆڵینەوەی خێرا و پوخت لە سەر فیلمسازان و ئەکتەرانی دونیا.